خستنه سەر نێت:- چالاک
chalakmuhamad@gmail.com

# نووسەری نوێ

دیار

کۆمەڵە بەرهەمێکی ئەدەبی یە

یەکێتی ی نووسەرانی کورد

لقی هەولێر

دەری دەکات

١٩٧٢

ژمارە ١ ساڵی ١

# نووسەری نوێ

دیار

کۆمەڵە بەرهەمێکی ئەدەبی یە

یەکێتی ی نووسەرانی کورد - لقی هەولێر

دەری دەکات

دەستەی نووسین

عیزەددین فەیزی — حەمەکەریم هەورامی

کەریم شارەزا — محەمەد حەسەن مەنگوڕی

عەزیز گەردی — جەمیل ڕەنجبەر

مەدحەت بێخەو

ژمارە ١ ساڵی ١

١٩٧٧

## لەم ژمارەیەی نووسەری نوێ دا: -


| | |
|---|---|
| ١ - ووتاری ژمارە | عیزەددین فەیزی |
| ٢ - ئەدەبی کوردی | محمد حسن مەنگوری |
| ٣ - پایز و... سروشت | مدحت بێ خەو |
| ٤ - منداڵ و پەروەردە و چیرۆك | عەزیز گەردی |
| ٥ - داخوازی | سعدالله پەرۆش |
| ٦ - لاپەڕەی دووەم لە شیعری کلاسیکی کوردیماندا | کریم شارەزا |
| ٧ - جادووگەر | پیربال محمود |
| ٨ - بڵێسەی خاڵ | مەغدید سۆران |
| ٩ - سوودانی سوور | سامیە مەشخەڵ |
| ١٠- زمان و کۆمەڵ | ئەحمەد نەقشبەندی |
| ١١- پشکۆیەك لە ئاسۆی غەمدا | فرید زامدار |
| ١٢- چەند پاشماوەیێك لە ئایینی زەردەشتی یەوە | عبدالخالق سەرسام |
| ١٣- بڕیارێك لە گەرووی ئاگرا... | جەمیل رەنجبەر |
| ١٤- چیرۆکی ژمارە - زارا | مجید ئاسنگەر |
| ١٥- با نیازێك بپشکوێ | جلال مدحت خۆشناو |
| ١٦- هەواڵی ئەدەبی | ........... |


دەخوێنیتەوە

# وتاری ژمارە

عیزەددین فەیزی

بە ناوی خوای مەزن و بە یارمەتی هەموو لایێك ئەوا یەكیەتی نووسەرانی كورد ـ لقی هەولێر ـ دەست و بازووی هەڵماڵی بۆ دەرهێنانی یەكەم بەخشنامەی بە ناوی ( نووسەری نوێ ) تكامان وایە لە كەم و كورتیمان ببوورن و ئاگاداریشمان بكەن بۆ رێگای باشتر و بەهێزتر بۆ پێش خستن و پێگەیاندنی ئەم بەرهەمە ساوایە چونكە هیچ نووسراوێك چ گۆڤار چ رۆژنامە وە یا شتی تر بێت ئەگەر خوێنەر لە گەڵ نووسەر پێكەوە شان بە شانی یەكتر بۆی نەچن و تەقەلای بۆ نەدەن بێ گومان پێش ناكەوێت و پلەشی بەرز نابێتەوە ، هەر وەكو ووتراوە : چەپڵە بەیەك دەستێك لێ نادرێت ...

خوێنەری بەڕێز : ئاشكرایە لای هەموو خوێندەوارو رۆشنبیرێك كە شارەكەمان با فراوانتر بڵێین پارێزگای هەولێر هەر چەندە لە هیچ كاتێك دا درێغی نەكردووە بۆ گیان بەخت كردن و نیشتمان پەروەری و كوردایەتی و مرۆڤایەتی كەچی لە رووی پێش خستنی نووسین و هاندانی نووسەران و شاعیران و دەركردنی رۆژ- نامە و گۆڤار ، وەكو بڵێی لە كاروان دوا كەوتبێ لە قەڵەم دەدرێت ، جا ئەگەر بێت و نەختێ لێی ووردبینەوە لەم بابەتەوە پارێزگاكەمان لاواز دێتە بەرچاو ، ئەو گۆڤارو رۆژنامانەش كە بڵاو كرابنەوە لە كاتی خۆیدا لەبەر دژایەتی كۆنەپەرست و رژێمی ناپاكی ئەو ساكە زۆر نەژیاون .. ئا وەرە لە گەڵا ئەوانەی بڵاو كراینەوە تا ئێستا بینینەوە بەرچاو ئەمانەن : گۆڤاری ( زاری كرمانجی ) لە رەواندز بە پچڕ پچڕی لەساڵی (١٩٢٦ز) مامۆستا حزنی موكریانی دەری كردوە گۆڤارێكی مێژوویی و

وێژەیی و کۆمەلایەتی بووە لە پاش ئەوە هەروەها مامۆستا حوزنی مو کریانی لە ساڵی (۹۳۵)ز لەشاری هەولێر گۆڤاری ( رۆناکی ) هەڵکردووە ، بەر پرسیاریش پارێزەر مامۆستا ( شێت مستەفا ) بووە . کۆمەڵی مامۆستایانی لقی هەولێریش لە ساڵی ( ۹۵۰ - ۹۵۱ ) رۆژنامەی هەولێری بلاو کردەوە بۆ ماوەی چوارساڵ خزمەتی بیروباوەڕی مرۆڤایەتی و نیشتمان پەروەری و وێژەو زمانی کوردی کردووە و لە لایەن مامۆستایان و خوێندەوارانی تر بەشی کوردییە کەی زۆر پەسند کراوە . لە پاش ئەو مامۆستا گیومو کریانی گۆڤاری ( هەتاو ) ی لە شاری هەولێر بەدەرخست ماوەیێکی باش بزوتنەوەیە کی کردە نێوان نووسەرو شاعیرە کانمان لەپاش ماوەیێك شارەوانی هەولێر رۆژنامەی (هەولێر)ی دووبارە دەر کردەوە خوێندەواران کەوتنە جۆش بۆ خوێندنەوەی زمانە شیرینە کەمان هەندەی پێ نەچوو رۆژنامە کە کەوتە بەردەستانەوەو لەرێگای خۆی لای داو کەوتە کزیەوە لەدوابیدا خۆی خۆی داخست لەساڵی ۱۹۷۰ دووبارە شارەوانی هەولێر گۆڤارێکی دەر کرد بەناوي ( هەولێر )تا ئێستاش لە روو گەشییە ، وە خزمەتی زمانو ئەدەبی کوردی دە کات و دەتوانی زۆر شتی باشی تێدا بخوێنیتەوە . ئێمە ئەوا لە رێگادایین بۆ بەشداری کردنمان لە بلاو کردنەوەی رۆشنبیری و گەشە پێدانی وێژەی کوردی و خزمەتی کۆمەلایەتی و گەیشتن بە کاروانی وێژەیی و زانستی و زانیاری نەتەوە کانی جیهان لەرێگای باس و لێ کۆڵینەوە و هەڵبەستی نووسەران و شاعیرانی گەلان .

هەروەها (نووسەری نوێ) تێ دە کۆشی لە پێناو پتەو کردنی برایەتی کوردوعەرەب لە سایەی عێراقێکی سەربەست و سەربەخۆ دا . یە کێتی نووسەرانی کورد ـ لقی هەولێر ـ ئومێدەوار بوو لەمە زووتر ( نووسەری نوێ ) بلاو بکاتەوە بەلام لە بەر هەندێ ئیش و کاری تر دوا کەوت ، یە کێ لەو هۆیانەش ئەوەبوو کە بەشدار بووین لە چەند کۆڕێکی ئەدەبی لە ئێستگەی تەلەفزیۆنی مووسڵ بە سوپاسەوە دەڵێین کە بە پشتگیری بەرێز پارێز گاري هەولێر بەرێوەبەرانی ئێستگەو تەلەفزیۆنی گشتی بەغدا رێگایان داین کە مانگێ دوو جار کۆڕ بگێڕین لە ئێستگەی

بڕوانە ل ۹

# ئەدەبی کوردی

محمد حسن مەنگوڕی

گومان لەوەدا نیە کەئەدەبی کوردی قۆناخێکی چاك لەدوای ئەدەبە پێشکەوتووەکانی دونیاوەو پێویستە هەنگاوی گەورە گەورە باوێت بۆنزیك بوونەوەو شوێن پێ کەوتنیان . . لێرە مەبەستمان ئەوە نیە بڵێین ئەدەبە کەمان هەر یەکجاری هەناسەی لەبەر بڕاوەو خەریکی هەنیسك دانە . . . ! بەپێچەوانە لەو دواییەدا ئەدیبەکانمان بازووی چالاکیان لێ هەڵماڵیوەو هەست بە بزووتنەوەیەکی ئەدەبی پیرۆز دەکرێ کە ئەگەر زروفی مەوزوعی لەبار بێت و کۆسپەو تەگەرەی ناقۆڵا نەهێتە رێی ئەنجامێکی گەلێ دڵ خۆشکەری دەبێت . . بەڵام ئەوەش ئەوە ناگەیەنێ کە گوێ لە راستی دواکەوتوویی ئەدەبەکەمان کەڕ بکەین و هەوڵ نەدەین کە کەمو کورتی و گیرو گرفتەکانی دەست نیشان بکەین . . . بەڵکو پێویستیەکی مێژوویی کەوتۆتە سەرشانی ئەدیبە شۆڕشگێرە پێشکەوتووەکان کەدەوری گرنگی خۆیان ببینن لەبژار کردنی ئەدەبی کوردیو پێش خستنی ! مەبەست لەبژار کردنی ئەوەیە کەهەر بەرهەمێکی ئەدەبی مرۆڤایەتی نەبوو و نەگونجا لەگەڵ ئارەزوو و خواست و مەرازی نەتەوەکەمانو سەردەمی کۆن سەپاندبووی بەسەرماناو لەچوارچیوەیەکی تەسك و بۆ بەرگری لەبەرژەوەندی کۆنەپەرستە بورجوازیەکاندا ڕژا بوو ئەو بەرهەمە ئەدەبیە رسوا بکەینو تەقەلا بدەین ئەدەبێکی شۆڕشگێڕی ئەوتۆ بێنینە کایەوە کە مەبەستی خزمەتی جەماوەر بێت لەپێشەوەی هەموویانەوە ( کرێکارو جوتیارو رۆشن بیری شۆڕشگێڕ . . . ) بۆ ئەو مەبەستە پیرۆزەش پێویستمان بەوە هەیە کەقوتابخانە ئەدەبیەکان شیێ بکەینەوەو بزانین کامەیان دەمان گەیێنێتە مەرامی باس کراو ئەویان هەڵبژێرین و بیکەینە

پێوانەی بەرهەمی ئەدەبی چاك و سوودمەند !!

ئەگەر بە ووردی لە رێبازی قوتابخانە ئەدەبیەكان بكۆڵینەوە بە كۆن و نوێیەوە لە كلاسیكی و رۆمانتیكی و رەمزی و سریالی و ریالیستی .. دەبینین بە گشتی دوو ئیتجاهی دیار و ئاشكرا هەیە لە ئەدەبا :-

یەكەمیان : ئەدەبێكی نوێی ریالیستی‌یە كە بە تەواوی تعبیر لە دەروونی چینی چەوساوەكان دەكات و ووزەیەكی بە هێزە پاڵ بە جەماوەری گەلەوە ئەنێ بۆ شكاندنی كۆت و زنجیری كۆیلەتی و چەوساندنەوە و هێنانە دی ژیانێكی پڕ لە بەختیاری و ئاسوودەیی ، واتە ئەدەبێكە لە گەلەوەیە بۆ گەلە و لە كاتی شۆڕشدا چەكێكی شۆڕشگێڕانەی بە هێزە و بەربەستی لە مافی گەل دەكات .. !!

دووەمیان : ئەدەبێكی كۆنی سەردەم تێپەڕیوی بێ كەلكە كە دارەدەستی چینە چەوسێنەرەكانە و بۆ خزمەتی ئایدۆلۆجیەتی ئەوان دارژاوە و چەكێكی دژوارە و ئاراستەی چینی چەوساوە ئەكرێت .. ئەدەبێكە كە رۆژ لە دوای رۆژ نووزەی كز تر دەبێت و گالیسكە شڕەكەی هێزێكی بە تەمەنا چوری ماندوو رای ئەكێشێ و لە چاڵی نەمانی نزیك ئەخاتەوە .. !

جا ئێستا با سەیرێكی ئەدەبی كوردی بكەین و بەو دوو پێوانەیەكەم كورتیەكانی دەست نیشان بكەین و هەوڵ بدەین بە ئیتجاهی یەكەما بەرەو لووتكەی سەر كەوتن و پێشكەوتنی ببەین بە پێی دیاری كردنی ئەو دوو ئیتجاهە بۆمان روون دەبێتەوە كە ئەدەبی كۆنی كوردیمان پێویستی بە بژار هەیە .. بۆ ئەوەی بەشە كۆنە سەردەم تێپەڕیوەكەی فڕێ بدەین و لەسەر بنچینە زیندووەكەی دیواری ئەدەبێكی شۆڕشگێڕی ریالیستی دابمەزرێنین ... بەڵام دەبێ چاكترین تیغی كاریگەری بژار و چاكترین تەرازووی ئەدەبێكی تازەی بە كەلك چی بێ ؟ لە وەڵاما ئەڵێین : رەخنەی راست و رەوان چاكترین و كاریگەر ترین تیغی بژار و تەرازووی هەڵسەنگاندنە ، رەخنەش دەبێ دوو جۆرە هەڵسەنگاندنی هەبێ : یەكەمیان هەڵسەنگاندنی سیاسی یە ، بە پێی ئەو هەڵسەنگاندنە سیاسی یە

ئەبێ ئەدەبی کوردیمان دەورێکی گرنگ ببینێ لەو خەبات و تێکۆشانەی نەتەوەکەمان ئەی کات لە پێناوی وەدەست هێنانی مافە سروشتی یەکانی خـۆی و وەدی هێنانی دوا ڕۆژێکی گەش بۆ چینی چەوساوە . . . چەوسێنەرەکان ڕسوا بکات و گیر و گرفت و تەنگ و چەڵەمەی گەل بـە کەرەستەی خاوی خۆی بزانێ . . . مرۆڤایەتی بێت . . پاڵپشتی خەباتی ڕزگاری خوازی گەلانی جیهان بێت . . برایەتی و هاوکاری نێوانی نەتەوەی کورد و هەموو نەتەوەکانی دونیا بـە هێز بکات ، هەر ئەدەبێك لەو چوار چیوەیە دارِژابێ بە پێی هەڵسەنگاندنی سیاسی بە ئەدەبێکی بە کەلك و ڕاست ئەژمێردرێ و هەر ئەدەبێکیش لەو چوار چیوەیـە دەربچێ . . . ئەدەبێکە خزمەتی نەتەوەکەمان ناکات و پێویستە بەربەست بکرێ . . ! !

دووەم : هەڵسەنگاندنی هونەری . بە پێی ئەو هەڵسەنگاندنە ئەبێ ئەدەبە شۆڕش گێڕە ڕیالیستی یەکە لە قالبێکی هونەری زۆر جوانا ڕێك خرابێ . . بـە ئاسانی زۆربەی گەل تێی بگات کە خۆی لە ( کرێکار و جوتیار ) ئەنوێنێ ، ووشەکانی سادە و خۆ ماڵی بن و دوور بێ لە ووشەی گران و ( معما ) . . لە ئارەزوویـەکی سروشتی ڕاست هەڵقوڵابێ . . ئەوەندە گەرم و بە تین بێت جۆش و خرۆش بخاتـە دڵی مرۆڤەوە . .

لە کۆتاییدا دەڵێم ؛ ئەدیبە شۆڕشگێڕەکانمان بانگ کراون بۆ بژار کردنی ئەدەبی دارِژاو وە دارِشتنی ئەدەبێکی وا کە نەتەوەکەمان ئاوات و ئامانجی خۆی تێدا ببینێت ، ئەدەبێکی شۆڕشگێڕی ڕیالیست و ملتزم بە ئامانجەکانی کوردایەتی

* * *

# پایز و .. سروشت

مدحت بێ‌خەو

ئـەی پایزی مۆن و بایی .. گرژی ژیـن
بـۆ لات خۆشە بە نارەوا گوڵ وەرین ؟ !

بـۆ ئاسوودەی کە سروشت بێ سیپاڵ بێ
پەتا زۆر بێ و هـەر دەنگی ناڵـە ناڵ بێ

وا ئـەزانم بەم رەفتـار و کرداره . . .
خۆت زاڵ ئە کەی بەسەر سروشت بەم باره

دەی ! تا ماوی قشون رێك خەو بجەنگە
بـۆ ئەنجامی شانۆ گەریت درەنگە !

دوا گەڵای دار هەڵوەرێنـە مەوەستە
قیژەو لوورەی ناساز بێنە جێی بەستە

لـە دوای گەڵا لق و چـڵان بشکێنە
بـە گەردەلوول چقڵ بۆمـان بهێنە

تا ئـەتوانی کانی ئاوی روون لێڵ کە
مـەلی شەیدای کامەرانی هەر وێڵ کە

ئاسۆی رووناك بـەخێڵی هەور بگره
بە رەشەبات پەپوولەو هەنگ هەڵ ببرە

هـەر چەند ژاری قینت هەیە هەڵ ڕێژە
دەی دوا تـیری ژاراویت بهـاوێـژە

تا تێ بگەی سروشتە کەی ڕەگ و کێو..!
نای لەقێنێ هەزاران پایزو .... دێـو !

تا بزانی گرژی و رەشی هـەوری تـۆ
بێ هوودەیە بەرامبەر گزنگی .. نـۆ !

وا چاکە زوو نارەواییت ژێر چاڵ کەی
لەرووی بەرزی هەڵگوردی کورد خۆت لاڵ کەی !

* * *

خستنە سەر نێت:- چالاک
chalakmuhamad@gmail.com

---

# « پاشماوەی ووتاری ژمارە »

تەلەفزیۆنی نەینەوادا . جا بەم بۆنەیەوە بانگەوازێك پێشکەش هـەموو نووسەرو شاعیرو چیرۆك نووس و رۆشنبیران دەکەین هـەر بەرهەمێکیان هەبێت چ بۆ ( نووسەری نوێ ) بێت . چ بۆ گێڕانی کۆڕ بێت بـۆمانی بنێرن وەیا خۆیان بێن بۆ بارەگای یەکیەتی مامۆستایانی کوردستان ، ئێمەش دەستەی یەکێتی نووسەران ـ لقی هـەولێر ـ هەموو رۆژانی هەینی لـە سەعات سێی پاش نیوەرۆ ئامادەین لەوێ بۆ دیدەنی یەکتر .

لە کۆتاییدا بەناوی دەستەی بەڕێوەبەر دەڵێم : فەرموون قەپێلکی کار کەناری بشکێنن ، تیشکی هەتاوی ( ١١ )ی ئاداری پیرۆز روونا کە بۆ نووسین و پێش خستنی ئەدەب و مێژوو و زمانە شیرینەکەمان !

# منداڵ و پەروەردە و چیرۆك

نووسینی : عەزیز گەردی

« لەم دواییەدا جاروبار بە ناوی (چیرۆك بۆ منداڵان) ەوە شتی وا سەیر و سەمەرە بڵاو ئەکرایەوە و بڵاو ئەکرێتەوە کە فرِی بەسەر (چیرۆك بۆ منداڵان) ەوە نییە ، ئەم چەند ووشەیە تیشکێکە بەر پێی ئەو کەسانە رووناك ئەکاتەوە کە ئەم جۆرە شتانە ئەنووسن ... »

هەڵبەت ئەم خاکە پاکەی لە سەریا ئەژین بەهەزارەها بەهرەو توانای هەڵوەریوی گرتۆتە کۆش . . لێت مسۆگەر بێ ئێمە هەزارەها بەهرەی زیندووی وامان کردووە بەقوربانی نەزانی و نەخوێندەواری و نەشارەزایی کە ئەگەر لەسەر خاك و هەوایەکی ترا ، لە هامێزی کۆمەڵێکی پێشکەوتووی ترا چەکەرەی بکردایە هەزارەها (انگلو و ( دافنشی ) و ( پێکاسۆ ) یا هەزارەها ( شکسپیر ) و ( دانتی ) و ( گور کی ) و ( مایکوفسکی ) مان لێ هەڵ ئەکەوت بە تیشکی بە تینی بلیمەتی و سەلیقەی بەرزی پوختە پەروەردە کراویان چوار ئیقلیمی دونیایان روناك ئەکردەوە . جا کە ئێمە ئەم واقیعە تاڵە دێنینەوە بەرچاو بە هیچ چەشنێ نابێ ئەمەیان تۆی وورە بەردان و رەش بینی بخاتە دڵمانەوە ، بەڵکو ئەبێ ببێ بە سەرە نێزەیەکی تیژ و هێزی موتمانەو راپەرین و ووریا بوونەوەمان لەناخەوە بجوولێنێ بۆ تێکۆشان لەپێناوی سرِینەوەی ماکی ئەم ئاکارە نالە بارانەو خۆش کردنی بار و دۆخێکی شیاو بۆ پەروەردە کردن و پێ گەیاندنی تۆی بەهرە و توانا لە دڵی منداڵانەوە کە وەکو کەرەستەی خاو وان ، ئەمەشیان تا رادەیەك ئەر کەکەی بۆ ئەو باوکە ئەگەرێتەوە کە ئەبێ هەوڵ بدا بۆ دۆزینەوەی بەهرەی کورِەکەی و بە شێوەیەکی زانستی بکەوێتە

ئاراستە کردن و پێ گەیاندنی .. فرۆید ئەڵێ :

« ئەگەر خانوو بە ڕێك و پێکی بکرێ بەرگەی باو باران ئەگرێ ، بەڵام ئەگەر کەرەستەی خەراپ و چۆنیەتی دروست کردنی ناتەواو بێت هەموو کاتێ گومانی رووخانی لێ ئەکرێ ، لە خۆشی بەختی خۆشمانەوە ئێمە گەلێ پشکێنەرمان هەن کە چاودێری دروست کردنی خانووبــەرە ئــەکەن و دانیشتوانی لە مەترسی رووخان رزگار ئەکەن ، بەڵام یەکێکمان نی یە ببێ بە چاوێکی گەشی پشکێنەر بــە سەر باو کانەوە ئاخۆ بەچاکی کۆشکی پەروەردە کردنی منداڵان هەڵ ئەنێن ؟ یان نەء ؟ پێویستی یەکی بنەڕەتی یە کە کەم و کورتی پەروەردە کردنی منداڵان لە لایــەن باو کانەوە بخەینە روو بۆ ئەوەی بەلێ کۆڵینەوەو شێ کردنەوە بگەینە هۆوسەبارەت و ئەنجامی ئەم کەمو کورتی یانە ، ئنجا هەوڵی لابردنو نەهێشتنیان بدەین و بناغەیەکی پتەو بۆ دوا رۆژی منداڵانمان دابڕێژین بۆ ئــەوەی لە گەڵ شەپۆلــە سەختە کانی کێشەی ژیانا هێزی بەرەو روو بوون و بەرگری کردنمان نەڕووخێ ... »

( فرۆید ) لەزەمینەی ئەم باوەڕە و روانــگەی ئەم تەرحە بیر کردنەوەیە ئەی روانیە منداڵ و پەروەردە کردنی .. چونــکە منداڵ بەردی بناغەی دوا رۆژ و جلــەو گری پەیامو لێ پرسینەوەی بەیانی یە تا ئەمڕۆ زیاترو پوخت و روختەتر بایەخ بەپەروەردە کردنی بدرێ ئەو بەیانی چالاکانە تر دەتوانی ئەرکی سەرشانی راپەڕێنێ بەرامبەر نیشتمان و نەتەوەکەی هەر بۆیەشە نەتەوە پێشکەوتووەکانی تری ئــەم سەر زەمینە بە تایبەتی پاش ئەوەی کە زانستی هۆڵمان ـ علم النفس ـ دەوری بنچینــەیی منداڵی سەلماند لە رەوتی پێ گەیاندنی نەتەوەیەکی نەترس و پێشکەوتوو خواز و سەرفراز ، هەموو بایەخی خۆیان بەسەر پەروەردە کردن و ئاراستە کردنی دروستی منداڵ کۆ کردەوە بەشێوەیەکی زانستی ووردو لەسەر رێچکەیەکی تاقی کراوەی پەروەردەیی سەر کەوتوو بە رادەیەك کە هەندێ لە زاناکان ، ئەم سەدەیە ( سەدەی بیستەم ) بە سەدەی منداڵ ـ قرن الطفل ـ ناو ئەبەن .

منداڵ لە دەوری منداڵێتی دا هەستی زۆر ناسك و ئارەزووی فێربوونی زۆر بەتینە لە گەڵ تاقی کردنەوەیەکی زیندووی فێربوونا ئەژی کەلەدووسووچەوە خۆی ئەنوێنێ

١- بەهۆی لاسا کردنەوە ( المحاکاة ) ، کەمندالْ لاسای باوكوودایكو ئەندامانی تری خێزانەکەیو دراوسێ کانی ئەکاتەوە لەهەڵسو کەوتو جوولانەوەو رەفتارو دوانو قسەکردنا ، دووەم : بەهۆی ئیحاوە کەجۆری بزووتنەوەو گوفتارو رەفتاری کەسانی دەورو پشتی ئیحای جیا جیا ئەهاوێنە مێشكو دڵی ئەو مندالەوە (*) . گفتو گۆ کردنیش مندالْ لەدەمی دایكو خێزانەکەیا فێری ئەبێ ووشەکان ( شحنات )ی زۆر بەرو بەهێزیان تیایەکەزۆر بەتوندو تیژی کار ئەکەنە سەر مندالەکەو ئەی کەن بەدیلی کاریگەری ئیحای خۆیانەوە ، چونکە هەر ووشەیەکی ئەی گری لەئەنجامی زۆر بەکارهێنانو تاوانەوەیالەبۆتەی هەستی کەسانی تراگەلێ ئیحای پڕوچڕی لێ ئەپرژێ

ئەو شتانەی کە مندالْ فێریان ئەبێت چ بەلاسا کردنەوە بێت چ بەئیحا ئەگەر چی زۆربەی زۆری بەشێوەیەکی روو کەشو سەرپێیی دێتو دەڕوا وا دەردەکەوێ کە دەورێکی ئەوتۆی نابێ لەدروست کردنو بنیات نانی دوا ڕۆژی ئەم مندالە بەلام لە راستیدا هەر سرووشێك کەلەمەڵبەندو دەورو پشتەوە تیشکی بۆ ناخی گیانی مندالەکە ئەڕوا وەنەبێ بفەوتێ و لەناو بچێ بەڵکو لەناو دەریای بێ پایانی ( لا شعور )ا خۆی نقووم ئەکاتو هەر کاتێ دەرەتانێك بدۆزێتەوە سەر هەڵ ئەداو تەووژمی تایبەتی خۆی بەمندالەکە ئەدا ، بۆیە پێویستە زۆر چاك ئاگاداری ئەو شتانە بین کە فێری مندالْ ئەکرێنو ووریای ئەو ووشەو رستەو دەستەواژانە بین کەئەدرێن بەگوێیا .

لایەنێك لەو لایەنانەی کەنەتەوە پێشکەوتووەکان خزمەتی نەتەوەکەیانی پێ ئەکەن لەرێرەوی پەروەردە کردنێکی دروستی مندالانەوە ( ئەدەبی مندالانە ) کە

---

(*) وەکوو ئەوەی کەمندالْ جێگایەکی لەشی ژان ئەکا لەئەنجامی کەوتنیا یالێدانا ، دایکی یا باوکی بانگی ئەکاتو پێی ئەڵێ « بینە ماچ کەم ... بینە ماچ کەم ...» جا ئەو شوێنە ئازار خوردەی ماچ ئەکاتو ئەڵێ : « دەبڕۆ ئەوە چاك بوویتەوە » ئەم جۆرە عەتفەی کەباوك یادایك لەو ماچەی ئەتاوێنێتەوە باشترین مەرهەم و دەرمانەو ئیمای چاك بوونەوە ئەخاتە دڵو دەروونی مندالەکەو ئازارەکەی بیر ئەچێتەوە ، ئەمەش راستەقینەیەکە زانستی هۆڵمان سەلماندوویەتیو دانی پیا ناوە .

کاتی بێ ئیشیان پڕ بکاتەوەو پەند و ئامۆژگاری سوود بەخش و حەقیقەتی ژیان و تێکۆشان و خزمەتی میللەت و چینی زەحمەتکێشیان لەپەردەی ئەو ئەدەبە تایبەتیەوە بچرپێنێتە گوێ . . ( چیرۆك بۆ منداڵان ) یش شاچلێکی ئەو جۆرە ئەدەبەیە کە خزمەتی راستەقینەی منداڵان ئەکات، لێرەدا وانەبێ هەر کەسێ بتوانێ کۆنە چیرۆکی شێواوی دەم ئاگردانی باپیرە خەوالووە کانمان بجوێتەوە ، یا مرواری ووشەی بریقەداری بێ گیان بکا بە گەردانەی کورتە چیرۆ کەوە بتوانێ بڵێ چیرۆك بۆ منداڵانم نووسیوە بەو مانا زانستیەی کە ئەی گرێتەوە .

دەوری منداڵێتی دەورێکی زۆر ناسك و گرنگە بۆیە لە کاتی هەڵبژاردنو دارشتنی چیرۆکا ئەبێ زۆر ئاگاداری ئارەزوو ویستو خواست و جۆری سۆزو(انفعالات)ی منداڵ بین تا بتوانین شتی سەرنج راکێشەرو کارتێکەری وایان بخەینە بەردەم کە زۆر بە شەوق و پەرۆشەوە باوەشی دڵی پیا بکەن و سوودی لێ وەربگرن .

منداڵ لە دەوروبەری سێ ساڵیا کەوای لێ دێت لەدەوروبەری خۆی بگات رەوشتی گوێ دانە چیرۆکی تیا ئەبزوێ و تام و بۆیەکی بێ ئەندازە لە چیرۆك وەرئەگرێ ، تادێ مەراقیشی پەرە ئەسێنێ بۆ پتر بیستنی ئەو کورتە چیرۆ کانەی کە لەگەڵ بیرو خەیاڵ و پەی پێ بردنی ئەو دەورەی ئەگونجێن کە پیایا ئەڕوا . راستە لە کۆمەڵی کوردەواری ئێمەدا گەلێ کورتە چیرۆك هەن کە رەگەزی بنچینەیی چیرۆ کیان تیایە و هەر لە منداڵیەوە گوێچکەی ناسك و پاکژی منداڵ لە دەمی باوك یا دایك یا داپیرەی ئەیانقۆزێتەوە بەڵام ئەم چیرۆ کانە لەبەرئەوەی ماوەیەکی زۆر لە کوورەی باوەڕی دواکەوتووی کۆمەڵی نەشارەزاو دوور لە پێشکەوتنی زانستی یەوە گەلێ (دومەلو پۆرگ و پفکەی ) زوخاوی یان تیا رواوەو رووی راستەقینەیان شێوێنراوە یاخود بڵێین گەلێ باوەڕی گەندی وایان تیا تواوەتەوە کە دەسەڵاتی چینێکی تایبەتی بۆ مانەوەی بەرژەوەندی چینایەتی یا کەسایەتی خۆی ئەم فووەی لێ کردووە ، هەروەکو زمانی دارشتنیشیان بە تەواوی شێواوە ، جا لێرەدا ئەگەر ئەم چیرۆکە میللی یانە (*) راستەو خۆ بەبێ دەستکاری کردن لەروخسارو ناوەرۆکا بخرێنە بەردەم منداڵانەوە هەڵبەت ئەنجامی بەدفەڕو نالەباری لێوە پەیدا ئەبێ کە بەهیچ چەشنێ

لە گەڵ ئەرك پێویستی ئەمڕۆی نەتەوەکەمان ناگونجێ و ناتوانێ بیری خزمەت کردنی چینی سەراوەدوونراوی کۆمەڵ لەخوێن و خیچکاوی منداڵان بتاوێنێتەوە . .

ئەوەی چیرۆك بۆ منداڵان ئەنووسێ ئەبێ پێش هەموو شتێ ئەوەی لە بەر چاو بێت کە ئەرکی هەرە گەورەی سەرشانی ئەوەیە بتوانێ بەو بەرهەمەی کە پێشکەشی منداڵانی دەکات بیرو ڕاو ( اتجاهات ) ی چاکیان لەدڵ و دەروونا پەیدا بکاو گیانی خۆشبینی ( تفاؤل ) یان برِژێنێتە گیانەوە و وایان لێ بکات کە هەر گیز لە هەق و داد چاوپۆشی نەکەن و موتمانەی ئەوەیان تیا پەیدا بکا کە بە توندی بچن بە گژ هەموو خوارو خێچی و بێ دادی‌یەکی نەتەوایەتی و کۆمەڵایەتی و مرۆڤایەتی .

ئەمەشیان دیارە هوشیاری و ووریایی‌یەکی تەواوی گەرە کە چونکە لەم دەورەدا خوو و رەوشت و بیرو باوەڕی منداڵ هێشتا لە هەژان و لەرینەوە دایە و لە قالبێکی تایبەتی دا نەمەیێوە ، بۆیە پەروەردە کردن و پێ گەیاندنی منداڵ زەحمەت تەواو دەربچێ ئەگەر هەموو لایەنێکی کەسێتی رەچاو نەکرێ ئەمەش ناچارمان ئەکات کە لە واقیعی راستە قینەی دەرون و هۆڵمان و میزاجی منداڵە کە بگەین بۆ ئەوەی بتوانین هەموو لایەنێکی بە پێی پێویست ئاراستە بکەین چونکە پشت گوێ خستنی هەر لایەنێك لەو لایەنە هۆڵمانیانە کە وەکو داوی تۆڕ تێك هەڵکشاون ئەبێتە هۆی سەر نەگرتنی پەروەردە کردنە کە بەلام سەرەڕای ئەمەش کە بوون و کیانی منداڵ لە چەند پارچەیەك پێك هاتووە هەمووی بە تێکڕایی وەك گلۆڵەیەکی تێك پێچراو لە گەڵ گەورە بوونی منداڵ و سەر کەوتنی بەپەیژەی تەمەنا بەزۆر دەور و قۆناغ دا

---

(*) زۆر بە جێیە کە چیرۆکی میللی وەربگیرێ و بکرێ بە بناغە بۆ نووسینی ( چیرۆك بۆ منداڵان ) بەلام هەر گیز ئەوە ئەوە ناگەیەنێ کە کت و مت ئەو چیرۆکانە بێ دەستکاری لێ بدرێنەوە ، هەروەکو نووسەری دانمارکی ناو دار ( اندرسن هانز کریستیان ١٨٠٥ - ١٨٧٥ ) کە بە نووسینی چیرۆکی منداڵان ناوی داو لە ساڵی ( ١٨٧٢ ) ( ١٦٨ ) چیرۆکی لە بەرگێکا بلاو کردەوە کە بۆ زیاتر لە (٨٠) زمان وەر گێڕدراوە ئەم نووسەرە بۆ نووسینی چیرۆکە کانی

ئەڕوا ، جا ئەو نووسەرەی کە ئەیەوێ چیرۆك بۆ منداڵان بنووسێ ئەبێ ئـەوەی باش لەبەر چاو بێت کە چیرۆ کە کە بۆ چ قۆناغێك ئەنووسێ و لەم قۆناغە دا توانا و لێ هاتن و ئارەزووی منداڵانی ئەو نەتەوەیە و ئەو مەڵبەندەیە روو لە چ لایە کە تا بتوانی چیرۆ کە کەی بە جۆرێ دابڕێژێ کە لە دڵی ئەو منداڵانە دا دەر هاتبێ و بڕژێتەوە دڵیانەوە لە بەر رۆشنایی نیشانە گرنگە کانی ئەو دەورە دۆزرابێتـەوە و بۆ چەسپاندنی گەوهەری راستی خۆی هەڵ بکوتێ . .

زمانی منداڵ ، ویست و خواستی ، ئارەزووی بەجۆشی ، نیشانە و خاسیەتی لەشی و هۆڵانی ، هێزی هەڵۆینی شیلەی باوەڕی دەرەوەی . . هتد لەهەر دەورێکی رسکان و گەشە کردنا ئە گۆڕێ و مۆر کی سەربەخۆ ئە گرێ ، جا لێرە دا چونکە هـەمو دەورە کانی پێ گەیشتنی منداڵ چون یەك نـین ، نابێ چیرۆك بۆ منداڵان شتێکی موتلەق بێت واتە بە شێوەیێکی گشتی بۆهەموو منداڵێك و منداڵی هەموونەتەوەیەك و بۆ هەموو سەردەمێك بێت چونکە ئەمەیان ئاوی نەمری و کارتێ کردن و تەزوو پێدان لە گیانی چیرۆ کە کە دا چڵك ئە کات . ئە گەر چی ئەو دەور و قۆناغانەش کە منداڵ لە نەش و نما کردنا پیایانا ئەڕوا و زانایانی پەروەردە و هۆڵـان زۆری باس ئە کەن بە چا کی تێکدارژاون و پـەیوەندی توندیان لە نێوان دا هەیە . هەر گیز ناتوانین شیرازەیان لێـك بپچڕێنین و سنوورێکی کاتی رەق و دابڕیان لە نێوان راست بکەینەوە ، بەلام لە گەڵ ئەوەشا هەر دەورێك لەو دەورانە چەند نیشانـە و خاسیەتێکی بە سەردا زاڵە و نیشانە کانی تری کز کردووە کە رەنگە لە دەورێکی تر گەش و ئاشکرا دباربن ! بۆیە دەستیان هەر ئەوەندە رۆیشتووە کە بە شێوەیەکی ( تقریبی ) گەورە بوون و پێ گەیشتنی مرۆڤ هەر لە بوونەوە هەتا مردن بۆ ئـەم قۆناغانەی خوارە دابەش بکەن . جا لێرە دا کە ئێمە باسی ئەو دەورانە ئـە کەین و

—— ئیلهامی لەو چیرۆ کە میللییانە وەرئە گرت کە لە دەوری منداڵێتی یا بیستبوونی یا بە سەری هاتبوون . گەلێ لە چیرۆ کە کانی رە گەزی ئەفسانەی تیابوو !!

خاسیەتی دەروونیی منداڵیش بە شێوەیەکی گشتی لە هەر دەورێکا ئەخەینە روو بۆ ئەوەمانە کە لە کاتی چیرۆك نووسینا ـ بۆ منداڵان ـ بتوانین هەموو مەرجێکی دەربڕین و هونەری و کار تێ کردنی دەروونی رەچاو بکەین : ـــ

١ ـ دەوری واقیعی :

ئەو دەورە هەر لەو کاتەوە دەست پێ ئەکا کە منداڵ دەرگای فێر بوون و تێ گەیشتنی بۆ ئەبێتەوە تا ئەگاتە تەمەنی (٥) ساڵی ، لەم ماوەیەدا منداڵ ئەتوانێ بڕوا و بجوولێ ، هەستی بخاتە کار بۆ ناسینی ئەو شتانەی کە لە مەڵبەندەکەی دا هەن وەکو کەل و پەلی ناو ماڵ و باخچە و شەقام و قوتابخانە و . . تاسەی ناسین ( حب الاستطلاع ) هانی ئەدا بۆ دۆزینەوەو ناسینی ئەو شتانەی ئەکەونە بەرپەلیەوە ، بۆیە ئەو چیرۆکەی کە بۆ ئەو دەورە دائەنرێ چاکتر وایە کەسەکانی واقیعیو ناسراوبن بەلای منداڵەکەوە ، ئەم درەخت و دیمەن و شتانەی کە تیایا دێ منداڵ ئاشنایەتی لە گەڵدا هەبێ . خۆ زۆر پێویستە ئەوشتانەی ئەکەونە ناو چیرۆکێکەوە تا بێ گیانە ـ کانیش وەکو دارو بەرد و درەخت و کۆسپ و دیوار . . . توانای بزووتن و قسە کردنیان بەرێتێ وەکو (اندرسن) کە شتی بێ گیانی بەقسە ئەخست و وەك مرۆڤێکی گیاندار گیانی بەبەرا ئەکرد ، کە لە هەندێ چیرۆکەکانی دا گیاو درەخت و شتی تر وەکو ئادەمیزاد هەست و رەفتار ئەکەن بە تایبەتی لە چیرۆکی ( گوڵە مێخەك ) ئەم جۆرە بزوتن و دووانەش وەلامێکە ئارەزووی هەڵچوی منداڵ دائەمرکێنێتەوە کە لەم دەورە دا گڕی ( تاسەی ناسین ) ی لە کڵپە دایە و لەم دەورە دا وا تێ ئەگا کە ئەو شتانەی بێ گیانیشن جۆرە ئادەمیزادێکی وەکو ئەون و هەر ئەبێ وەکو ئەویش بن ، چونکە پلەی دەرك و پەی پێ بردنی نەگەیشتۆتە ئەو رادەیە کە بتوانێ سنووری جیاوازی لە نێوان گیاندار و بێ گیانەکان دابنێ .

ئەوەی شایانی وتنە لەم دەورە دا منداڵ توانای زۆر گوێ راگرتنی نیە و زوو وەڕس ئەبێ ، بۆیە تا چیرۆکەکان کورت تر بن و رووداوەکانیان ئاشکرا و بەر چاو تر بێت سوودی زیاترە .

له نیوه‌ی دووه‌می ئه‌م ده‌وره به تایبه‌تی پاش چوار ساڵی منداڵ خه‌یاڵی به هێز ئه‌بێ به‌ڵام وه‌نه‌بێ خه‌یاڵه‌که‌ی له‌شتی واقیعی دا بپسێ و بۆ ئاسمانی خه‌یاڵێکی خاو بفڕێ به‌ڵکو هه‌ر له ده‌ڵ شتی واقیعی‌و ناسراوا ئه‌که‌وێته بزووتن و تێکه‌ڵ بوون ، وه کو ئه‌وه‌ی زۆرجار منداڵ دارێك ئه‌کا به ئه‌سپ و سواری ئه‌بێ و ئه‌ی هاژوا و به‌ده‌م هاژوانه‌وه ئه‌حیلێنێ و سه‌ر با ئه‌دا (١) . یا ( خانی چۆڵه ) و ( حه‌مامۆ کێ ) دروست ئه کا... دارو به‌رد و هه‌موو شتی تر به‌دۆستی راسته‌قینه‌ی خۆی ئه‌زانێ ، قسه‌یان له گه‌ڵا ئه کا ، به‌روویانه‌وه پێ ئه که‌نێ ، ئاره‌زوویه‌کی بێننه دی رێزیان ئه‌گرێ ، ئازاری بده‌ن لێیان تووڕه ئه‌بێ و قینی خۆیان پێ هه‌ڵ ئه‌ڕێژێ (٢) هه‌ر بۆیه‌شه که منداڵ له‌م ده‌وره‌دا حه‌ز له‌و چیرۆ کانه‌ش ئه‌کا که ره گه‌زی خه‌رافی‌یان تێدایه به‌ڵام له گه‌ڵ واقیعا تێکه‌ڵ بووین .

٢ - ده‌وری خه‌یاڵی : ئه‌مه‌شیان له ( ٥ - ٨ یا ٩ ) ساڵی ئه‌گرێته‌وه ، تا ئه‌م ده‌وره منداڵ هه‌موو شته کانی مه‌ڵبه‌نده‌ی خۆی ئه‌ناسێ : فام و هه‌ست ئه کا که ئاگر ئه‌ی سووتێنێ ، سه‌گ ئه‌یگرێ ، مانگا شیری ئه‌داتێ ، مریشکه قۆنده هێلکه‌ی بۆ ئه‌کا خه‌یاڵی ئه‌فڕی و بۆ ئه‌و دیوی ئه‌م شتانه له شه‌قه‌ی باڵ ئه‌دا . شه‌وق و مه‌راقی تیا ئه‌جووڵێ بۆ ناسینی ئه‌و شتانه‌ی که خه‌یاڵی بۆی ئه‌ڕازێنێته‌وه و وا ئه‌زانێ که له په‌نا شته هه‌ست پێ کراوه کانا هه‌ن و ئه‌م هێشتا په‌ی پێ نه‌بردوون بۆیه باڵ لێك ئه‌دا و ئه‌فڕێ بۆ ئه‌وه‌ی له دونیای ئه‌و دیوا له گه‌ڵ حۆرو فریشته و سحر و بۆزه‌نه‌ر و کورته باڵاو دێو و درنجه کانا بکه‌وێته ناو ژیانێکی خه‌یاڵی دوور له واقیع . جا که منداڵ تینووی ئه‌م جۆره شتانه بێت باشتر وایه ئه‌و چیرۆ کانه‌ش که بۆ ئه‌و ده‌وره دائه‌نرێن سارداوێ بن گه‌رووی ووشکی فێنك بکه‌نه‌وه .

---

(١) مه‌به‌ست ئه‌وه‌یه که له ده‌نگ و غاردان و پڕ کێشی کردنا لاسای ئه‌سپ ئه کاته‌وه

(٢) وه کو ئه‌وه‌ی که منداڵ ئه‌و کاته‌ی ساتمه له‌به‌ردێك ئه کا. یابه‌ردێکی پێ ئه که‌وێ وا ئه‌زانێ ئه‌و به‌رده وه‌ك ئه‌و گیانی له به‌رایه و هه‌ست ئه‌کات و بیر ئه کاته‌وه و به‌ئانقه‌س ئازاری به‌و گه‌یاندووه ، بۆیه له‌به‌رده که هه‌ڵ ئه گه‌ڕێته‌وه و ئه که‌وێته لێدانی تا تۆڵه‌ی خۆی بکاته‌وه ، به‌مه‌وه‌ش رقی هه‌ڵچووی ئه‌نیشێته‌وه .

بەڵام دروست کردنی شتی خەیاڵی و خەرافی لە چیرۆکا ئەبێ لە بۆتەی باوەڕ و ئیمانی بە هێزەوە قاڵ بکرێ و ئەو شتانەی کە رەگەزی خەرافی یان تیایە ئەبێ هەر مەزاهیریان خەرافی بێت تا ئارەزووی بێ پایانی ئەو سەردەمەی منداڵ دابێخێ، نابێ ئەو رەگەزانە هێز و کاریگەر و لە دەست هاتنیان بدرێتێ، چونکە ئەمەیان ئەبێتە هۆی چەسپان و دارژانی خەرافات لە مێشکی پاگژ و خاوێنی منداڵاندا.. هەڵبەت منداڵ لە گەڵ بیستنی ئەم چەشنە چیرۆکانە دا کە باسی ئەم دونیا سەیر و سەمەرەیە ئەکەن تاسێکی بە گوڕ ئەیانباتەوەو ئەکەونە دەریای واق ووڕمانەوە، واق ووڕمانی را لێ بوون و باوەش پیا کردن. گەلێ پرسیاری عەنتیکەیان دەربارەی راستی و ناراستی ئەم جۆرە شتانە لە دەم ئەبارێ، جا چیرۆك نووسی ووردبین ئەتوانێ ئەو پرسینەی کە لە مێشکی منداڵ دا هەڵ ئەبەرێ بە هەل و دەرفەتێکی باش بزانێ بۆ ئەوەی لەو دونیا خەیالی‌یە دوورە بیان هێنێتە ناو واقیعی ژیانی خۆیان و لە مەژگەو مەبەستی چیرۆکەکە دا وایان بخاتە دڵەوە کە ئەم شتانە تەنها خەیاڵین و بەس!

٣- دەوری بەزم و پاڵەوانی: لە (٨ - ١٢) یا (٩ - ١٣) ساڵی ئەگرێتەوە، لەم دەورەدا منداڵ هەر هێدی هێدی دونیا خەیاڵی‌یەکەی پێشوو جێ ئەهێڵێ و بۆ هامێزی واقیع ئەگەڕێتەوە. لێرەدا خەیمی (غریزة) پەلاماردان و دەسەڵات داری ئەبزوێ، ئەم هێزە نهێنی‌یە بزواوە ئەیهێنێ و ئەیبا، ئەکەوێتە جووڵان و هەڵاتن و قەلەمبازی و شاڵاو بردن، بەسەر دار و دیوارا هەڵ ئەگەڕێ، خۆی لە رەزو بیستانەکان ئەدا، مل پێچی لە فرمانی دایك و باوکی ئەکا. جار و بار لە قوتابخانە یاخی ئەبێ، هەر بۆیەشە کە حەز بەو جۆرە یاری‌یانە ئەکا کە گیانی کێشە و پێش برکێ‌یان تیایە (٣) منداڵ حەز بەو چیرۆکانە ئەکات کە ئەو ئارەزووانەی ئاو ئەدەن و بە دڵ گوێ یان بۆ شل ئەکات... لێرە دا ئەگەر چیرۆك نووس زۆر ئاگا دار و شارەزا نەبێت دوور نی‌یە سەری داوی لە دەست بڕوا و روو داوی پڕ هیلاکەت و مەترسی و زیانەدەر بخاتە دوو توێی چیرۆکەکانیەوە، چونکە پێویستە چیرۆکەکەی

(٣) لە کوردەواری خۆماندا بە زۆری منداڵ لەم دەورە دا حەز لە یاری شار گرانێ و قاو قاوانێ و.. هتد ئەکا چونکە ئەم جۆرە یاری‌یانە گیانی منافەسە و بەربەرەکانی یان تێدایە.

هانده‌رێك بێت بۆ ئیش و كرده‌وه و ئامانجی پیرۆز پاڵیان بدا ، زۆر له گین و به جێیه كه له‌م ده‌وره‌دا گه‌وره پیاوانی مێژوو به گشتی و هی نه‌ته‌وه كه‌مان به‌تایبه‌تی بكرێن به هه‌وێنی ئه‌و كورته چیرۆكانه‌ی پێش كه‌ش منداڵان ئه‌كرێ . ( ئـه‌وه‌ی شیاوی باسه ئه‌م جۆره چیرۆكانه كه به تایبه‌تی بۆ منداڵان ئه‌نووسرێن به‌م دواییه سه‌ری هه‌ڵداوه ، خۆ سه‌ر كه‌وتن و ته‌نینه‌وه‌شی مسۆگه‌ره . . (٤)

٤- ده‌وری هه‌رزه كاری : له ( ١٢ – ١٨ ) ساڵی . ئه‌م ده‌وره پردی گواستنه‌وه‌یه له كه‌ناری به‌هاری بێ ئه‌ركی منداڵێتی بۆ كه‌ناری پڕ ئه‌رك و لێ پرسینه‌وه‌ی پیاوه‌تی ئه‌م ده‌وره ده‌وری ته‌قینه‌وه‌ی خه‌یمی كۆمه‌ڵایه‌تی و دڵداری یـه ـ خۆشه‌ویستی ـ منداڵ باری ده‌روون و ویژدانی سه‌رتاپا ئه‌كه‌وێته گۆڕان و گه‌شه كردن ، مێشكی ئه‌كرێته‌وه بۆ ئه‌وه‌ی بیر له بوون و ژیان و كه‌ون و مردن بكاته‌وه ، به‌دوای ئه‌وه‌دا وێڵه كه ببێ به خاوه‌ن فه‌لسه‌فه‌یه‌كی تایبه‌تی هه‌ڵوێستێكی دیار بگرێ له ژیانا بۆیه زۆر به په‌رۆشه بۆ ئه‌و چیرۆكانه‌ی كه مۆر كێكی ویژدانیان پێوه لكاوه ـ پاڵه‌وانی بێ یا دڵداری ـ كه له گه‌ڵ ئاره‌زووی هه‌ڵقوڵاوی هه‌ناویا تێك ئه‌كه‌نه‌وه ـ له بـه‌ر ئه‌وه چاكتر وایه چیرۆكی ئه‌م ده‌وره به جۆرێ بێت و په‌یامێكی پیرۆزی وای تیا بێت كه فه‌لسه‌فه‌یه‌كی زانستی دروست و راسته قینه بخاته به‌رده‌م منداڵانه‌وه .

٥- ده‌وری پێ گه‌یشتن : له ( ١٨ ) یا ( ١٩ ) ساڵی تا سه‌رنانه‌وه . . لێره‌دا له هه‌موو هه‌نگاو و قۆناغه‌كانی منداڵێتی دا ئه‌په‌ڕێته‌وه و ئه‌بێ به ئه‌ندامێكی ئه‌رك هه‌ڵگر و لێ پرسراوی كۆمه‌ڵ . . ئه‌بێ به‌مرۆڤێكی ته‌واو و پێ گه‌یبو له‌باره‌ی هۆش و هه‌ست و بیر كردنه‌وه و په‌یوه‌ندی كۆمه‌ڵایه‌تی‌یه‌وه . . بیر و باوه‌ر و رێڕه‌وی له ژیان دا به ته‌واوی ئه‌گۆڕێ و ده‌ر ئه‌كه‌وێ !!

ئه‌گه‌رچی باری سایكۆلۆجی و ده‌روونی ئاده‌میزاد به تێكڕایی له چه‌ند هێڵێكی گشتی‌دا تێك ئه‌كه‌نه‌وه ، به‌ڵام هه‌ر مرۆڤێك چه‌ند خاسیه‌ت و نیشانه‌ی تایبه‌تی هه‌یه ژیان له‌م ده‌وره‌دا زۆر ئاڵۆزو تێك چرژاوه بۆیه ده‌ست‌نیشان كردنی نیشانه‌ی گشتی

---

(٤) الطفل ودراسة الادب ل ١٠٨

ئەو چیرۆ کانەی بۆ ئـەو کاتە دائەنرێن شتێـکی گرانـە و ئازارێـکی راستە قینەی گەرە کە ، چونـکە پێویستی یە کە و زروفی تایبەتی نەتەوە و مرۆڤایـەتی و چەرخی رۆژگار ئەی هێنێ ، خۆ باس کردن و لێ کۆڵینەوەش لە مەرج و بنەرەت و ئامانجە کانی چیرۆك نووسین بە شێوەیە کی گشتی زۆرمان پێ را ئە کێشێ بۆیـە چاکتر وایە لێرەوە دەست هەڵگرین و دوا نوختە دابنێین !

* * *


سەرچاوە کانی ئەم باسە : ـ

١ـ القصة فی التربیة : اصولها النفسیة ، تطورها ، مادتها وطریقة سردهـا لمدرسي المرحلة الابتدائیة . . . د. عبدالعزیز عبدالمجید

٢ـ الطفل ودراسة الادب : بتزنر ـ ترجمة : د. ماهر کامل

٣ـ سایکولوجیة الشذوذ النفسی عند الجنسین . س . فروید . ترجمة : فؤاد ناصر

٤ـ الطفل السوی وبعض انحرافاته . س. و. فالنتاین . . ترجمة : عبد علی الجسمانی

٥ـ دراسة فیعلم النفس منالاقطارالاشترا کیة . ترجمة وتقدیم : د. موفق الحمدانی

٦ـ القصص الشعبی فی السودان ـ دراسة فی فنیة الحکایة و وظیفتها ـ د. عزالدین اسماعیل .

٧ـ التربیة الحدیثة . محمد کزما . . .

٨ـ التربیة الاشترا کیة عنه ما کارنو ـ مجلة المعرفة ـ ٨٤ ـ شباط ٩٦٩

٩ـ گۆڤاری الهلال . . .

١٠ـ السنوات الخمس الاولی من الولادة حتی المدرسة . ا. ما کدونالد لادیـل ترجمة : احمد عثمان البسـام ـ ( المعلم الجدید ب ج١ ٩٦٦ ) .

# داخوازی

سعدالله پەرۆش

گیانـە ئارام
داخوازیە کەت گەیشتە لام
زۆر هەوڵم دا بەدی بێنم
بهۆنمەوە هۆنراوێ بۆت
لە گوڵ ، سروشی دێرینم

هۆنراوەیێ خۆش بێ وەك ژین
ناسك بێ وەك داوی پـەرچەم
شۆخ و شەنگ بێ وەك ( خاتو زین )
پڕ ئەڤین بێ وەك ( کاکە مەم )

هۆنراوەیێ وەکو گوڵ بێ
کێش و پاشبەندی وەك خونـاو
ئاوازی وەك خرپەی دڵ بێ
ناو نیشـانی وەکـو هەتـاو

هۆنراوەیێ پڕ بێ لە یاد
خنکاو لە زێی ووشەی زێڕین
بەتین وەك کوڵنگی ( فەرهاد )
بەرز وەك گەردنی ( شیرین )

هۆنراوەیێ پوختە و بەجێ
مانا کانی گشت وەکو پـەند

گەش بێ وەکو چاوی ( خەجێ )
کاڵ بێ وەکو هیوای ( سیامەند )

هۆنراوەیێ ووشەی ـ تۆران ـ
پێنووس لە بیری کردبێ
وەك هەڵبەستی تەڕی ( گۆران )
سەلیقەی لێ نەمردبێ

هۆنراوەیێ تیژ وەکو کێرد
ببڕێ ملی هەزار زۆردار
بلیمەت بێ وەك ( پیرەمێرد )
بە تام وەك هەڵبەستی ( دڵدار )

هۆنراوەیێ مانگی شەوی ..
سامالّ بێ بۆ ئاسۆی هەوەس ..
ئاوا وەك حوجرەی ( مەولەوی )
ئازاد وەکو بیری ( بێ کەس )

هۆنراوەیێ وەکو ئاگر
بۆ نەورۆزی کورد هەڵکرێ
وەك باوەڕی ( حاجی قادر )
سنگی زۆر سەدە هەڵدڕێ

هۆنراوەیێ چیرەی شیری
مەمکی ( فەرهەنگ ) بێ بۆ ( هەڵبەست )
وەك دیوانی ( شێخ جزیری )
تا هەتایە بژی سەربەست

بەلام گیانە . . . خۆشەویستم
لە قولاییی . . بیرم ، هەستم
کە نەم توانی وەك ویستبووت
هەڵبەستێکت بۆ ساز بکەم
گۆرانی یەکەی ئەم هیوایەت
بە نۆتەی سۆز ئاواز بکەم !

* * *

## پاشماوەی « پشکۆیەك لە ئاسۆی غەمدا »

خۆشەویستم :

یەکەم جار بوو کە چاوە کانت بریبە چاوانم . . . یەکەم جار بوو نیگای ئەفسووناویت بەرەو جیهانی خۆشەویستی بردم . . بەڵێ گیانە . . یەکەم جار کە تۆم بینی . . مەلی دڵم بەرە و ئاسمانی بەهاری دڵداری فڕی ، لەو ساوە ، بە دواتا ویڵم ، بە دواتا وەك شێت ئەگەرێم هەموو کونجی شارە کەم ئەپشکنم تەنها . . . بۆ . . چاو پێ کەوتنێ . . لە مانگ و ئەستێرە کان ئەتپەرستم . . لە خۆر . . لەئاسمان . . لە دار . . لە بەرد . . . بەلام بێ وەلامن .

خۆشەویستم :

لە ئاوێنەی رووتا یەکەم جار ژینی تەنگ و تاریکی خۆم بینی . . لە بەر دەم پەیکەری جوانیتا وەستام . . وەك بەندەیێك . . بەرامبەر یەزدان . .

خۆشەویستم :

لەوەتای تۆم خۆش ویست . . لە گێژاوی کەساسی و کلۆڵی یا وون بووم ، بەلام گیانە . . جار بە جار تیشکێ لە ئاسۆی خەماویم دەر ئەکەوێ . . ئومێدی گەیشتنم بە تۆ . . هیوا . . ئاوات . . ئامانج . . پاشە رۆژ . . بە پرشنگی زێرین لە ئاسۆی دڵا هەڵدێن .

# لاپەڕەی دووەم

## لە شیعری کلاسیکی کوردیماندا

**نووسینی : کەریم شارەزا**

ئێمە ئەگەر سەرنج بدەینە دیوانی شاعیرە کلاسیکییەکانمان ، وامان بۆ دەردەکەوێ کەشاعیرانمان لە کۆمەڵگاییێکی دوور لە کوێرەوەریو چەوسانەوەدا ، لە کۆمەڵگاییێکی تێرو تەسەڵو بەختیاردا ، لە کۆمەڵگای پاشاو میرو سەردارانا ژیاون ، تەنیا باس باسی زولفی درێژو چاوی بەخەوو گەردنی زەردو سنگی بلوورین بووە ، هەڵبەستەکانیان بۆ رابواردنو سوودی دەستەو چینی کاربەدەستان بووە . وەك بڵێی میللەتی کوردمان لەو سەردەمەدا مەلەوانی کردبێ لەناو دەریاییێکی پڕ لەخێروخۆشی و بەختەوەریدا . بەڵام ئایا ئەوە راست بووەو ئەو جۆرە شیعرانەیان باری ژیانی راستەقینەی زۆربەی میللەتی کوردی نواندووە و ئێش و ئازارو ژیانی ناسۆری چینی جوتیاری چەوساوەی دەربڕیوە ؟ !

لەوەڵامدا پڕ بەدەم دەڵێم : نەخێر !! چونکە ئێمە لەشیعری کلاسیکی تۆمار کراومان تارادەییێك هەر رووپەڕی بەکەمیمان پێ گەیشتووەو رووپەڕی دووەمیمان لێ شاردراوەتەوە مەگەر بەشێوەییێکی ناتەواوی پچڕ پچڕ نەبێ کەلەدەستی کار بەدەستان رزگاری بووبێو لەزاری ڕۆڵەکانی چینی چەوساوەوە پێمان گەیشتبێ .

رەگی شیعرەکانی ئەم لاپەڕەیەمان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمێکی زۆر کۆن کە دەتوانم بڵێم لەسەردەمی باوکی شاعیرانی کوردمان ( بابا تاهیری هەمەدانی )یەوە . ( ٩٣٥-١٠١٠ )ی ز. دەست پێ دەکا . هەروەك لەرازێکی نهێنی لەگەڵ دڵی خۆیدا ئاواتەخوازە دەستی بگاتە چەرخی گەردوون تاجیاوازی چینایەتی بەگوێچکەیدا بچرپێنیو هەموو میللەتیش هوشیار بکاتەوە ، هەروەك دەڵێ : -

ئەگەر دەستم رەسەد بەر چەرخی گەردوون
ئەزان پرسەم کە ئین چـو نەست و ئان چوون

یەکێ را دەدائی سەد ناز و نیعمەت
یەکێ زا قورصی جۆ ئالوودە دەرخوون!! (١)

بۆ ئەوەی زۆربەی خوێنەران لە مانای ئەم چوارینەی هەمەدانی بگەن ، شێوە سۆرانی یەکەشی دەخەینە بەر چاو :-

ئەگەر دەستم بگاتە چەرخی گەردوون (٢)
ئەپرسم لێی کەوا ئەم چوونە ئەو چوون
یەکێ پێت داوە سەد جۆر ناز و نیعمەت
یەکێکیش نانی جۆی ئاوێتەیی خوون !!

شیعرەکانی هەمەدانی ئاوەژوو کردنەوەی پرتستۆیەکی ئاشکرایە لە دژی جیاوازی کۆمەڵایەتی لەناو کۆمەڵگاکەیدا . (٣)

دیسانەوە باباتاهیر ژیانی خۆی لەسەر شێوەی ژیانی هەژارێکی بێ ماڵ و جێ و ڕێی دەردەبرێ کەبەرۆژ لە کوێرەوەری دا دەتلێتەوەو کەشەویش داهات بێ نوێن و پێخەف سەری کاسی ئەخاتە سەر خشتێکی ڕەق و تەق ، هەروەك دەڵێ :-

موئان رەندەم کە نامم بێ قەلەندەر
نەخان دیرەم نەمان دیرەم نەلەنگەر
چو روز ئایە بگەردەم گەردی گێتی
چو شەو ئایە بە خشتێ وانە هەم سەر

وەشێوە سۆرانی یەکەشی بەم جۆرەی خوارەوەیە :-

من ئەوەندەم کەوا ناومە قەلەندەر (٤)
نە خانم هەس نەمانم هەس نەلەنگەر

(١) گەنجینە (٧٧ چوارینی باباتاهیری هەمەدانی یە دڵزار کردوویە بەسۆرانی ) ل ٣٤
(٢) گەنجینە ، ل ٣٤
(٣) الواقعیة فی الادب الكردی ، ل ٥٩
(٤) گەنجینە ، ل ٦٠

که ڕۆژ داهات لە دونیا دا ئەخۆم خول
که شەو داهات بەسەر خشتێ ئەکەم سەر

ئاوازی ئەو ئێش و ئازارەی کە لە ووشە کانی هەمەدانی یەوە هەڵ دەستێ ئەو شێوازەی دە گەیەنێ کە گرتوویەتی بۆ بەر بەرە کانی زۆری و نالە باری ژیان. (٥)

هەروەها دەتوانین شیعرە کانی دیباچەی داستانی مەم و زینی ئەحمەدی خانی ( ١٦٥٠ - ١٧٠٦ ) ی ز لە لاپەڕەی دووەمی شیعری کلاسیکیماندا تۆمار بکەین

خانی ی مەزن لە سەردەمێکدا ژیاوە کە کوردستان مەیدانێکی فراوان بوو بۆ شەڕ و لێکدانی عوسمانی و عەجەمە کان و ئەو دوو دەوڵەتە کوردیان کردبوو بە شوورا و سەنگەر لە پێش خۆیاندا و کوردستانیان کردبوو بە ئامانجی تیری قەزایان هەروەك خانی دەڵێ : -

ئەڤ ڕۆم و عەجەم بوان حەسارن (٦)
کرمانج هەمی لە چار کەنارن !!
هەردوو طرەفان قبیلی کرمانج
بۆ تیری قەزا کرینە ئامانج !!

وە دیسانەوە خانی دەردی نەخوێندەواری و بێ کتێبی میللەتی کورد دەردەبڕێ و بۆمان روون دە کاتەوە کە هەموو میللەتێك خاوەنی کتێب و نووسینن ، تەنیا میللەتی کوردی دوا کەوتوو نەبێ ، هەروەك دەڵێ :

ئەنواعی میلەل خودان کتێبن (٧)
کرمانج تنی دبێ حسێبن !!

هەروەها سالمی صاحبقران ( ١٨٠٠ - ١٨٦٦ ) ی ز وێنەیێکی راستە قینە بۆ

---

(٥) الواقعية فی الادب الكردی ل (٦٠)
(٦) مەم و زینی خانی چاپی هەولێر ل (٣٥)
(٧) مەم و زینی خانی چاپی هەولێر ل (٣٦)

شەڕی نێوان کوردە بابانیەکان و عوسمانی یەدا گیر کەوەکان دەکێشێ و پاڵەوانی-یەتی میللەتەکەی لە دژی فەرمانڕەوایی عوسمانی یـەکان دەر دەبڕێ ، هەروەك لە داستانە مەلحەمی یەکەی ( عەزیز بەگی بابان ) دا وێنەیێکی زیندوومان بۆ تۆمار دەکاو دەڵێ : - (٨)

چاوی عیبرەت هەڵبڕە ئەی دڵ لە وەزعی دەهری دوون
سەیری کە رۆمی دەڵەك چی کرد بەزومرەی کورد زمان
رەنگی سەحرای مەحشەرێ بوو شێوەکەی لای پیرەمەسوور
گرمە گرمی تۆپی رۆمی هەو هەوی سوارەی بەبان !!

ئەم هەڵبەستە مەلحەمی یەی سالم نموونەیێکی زیندووە لە نموونەکانی شیعری لاپەڕەی دووەمی شیعری کلاسیکیماندا .

وە شیعرە نیشتمانی و نەتەوەیی یەکانی شاعیری ناودارمان ( حاجی قادری کۆیی ١٨١٦ - ١٨٩٧ ) ی ز نموونەیێکی راست و رەوانی هەڵبەستەکانی لاپەڕەی دووەمی شیعری کلاسیکیمانن ، چونکە حاجی لەم جۆرە شیعرانەی دا دەرد و دەرمانی بـۆ هەموو جۆرە گیروگرفتێکی میللەتەکەی دەست نیشان کردوە هەروەك لەم تاکە شیعرەی دا دەڵێ :

لە مابەینی کڵاو سوور (٩) و کڵاو رەش (١٠)
پەرێشانین دەبینە مثلی گای بەش !

وە چارە کردنی دەردی ئەو دابەش کردنەی وولاتی کوردستانیش دەرمانێکی کاریگەری بۆ دۆزیوەتەوە و دەڵێ :

جۆشێك بدەن وەکو هەنگ ، تەگبیر بکەن بە بێ دەنگ
ئەسبابی شەڕ پەیا کەن ، تۆپ و تفەنگ و هاوان

وە یاخود هەروەك لە هەڵبەستێکی تری دا دەڵێ :

---

(٨) د. عزالدين مصطفى رسول - الواقعية في الادب الكردي ل ٧٩
(٩) کڵاو سوور : تورك (١٠) کڵاو رەش : عەجەم

هەچی جێگای ئومێدمانە و ئەوەی دڵخۆش دەکا ئەمڕۆ
چەکە چۆن لەو بەدەر نابێتە غەمخۆری گەلی کوردان

حاجی بۆ چارە کردنی دەردی دواکەوتن و دابەش کردنی کوردو وولاتەکەی دەرمانی کۆشش‌ویەکگرتن‌و بەکارهێنانی چەك دادەنێ لەدژی دوژمنانی ئەوسەردەمە

دیسانەوە حاجی هەستی خۆی دەربڕیوە بەرامبەر رەنج خوراوانی نەتەوەی کوردو زانیویەتی کە چۆن بە شەو و رۆژ خەریکی رەنجدانن کەچی بەری رەنجەکەیان بۆ خۆیان نەبووە و بۆ داگیرکەرە بێگانەکانی ئەو رۆژەیان بووە کە عەجــەم و عوسمانیەکان بوون (١١) هەر وەك دەڵێ :

حاصلی ئێمە وەك دەکەم تەخمین
کرمی ئاوریشمین و مێش هەنگوین

وە حاجی بە تەواوی لە رێبازی شاعیرە کلاسیکیەکانی ئەو سەر دەمەی لاداوە و وازی لە باسی زوڵفی درێژ و چاوی بەخەو هێناوە و کەوتووەتە ئامۆژگاری کردنی میللەتەکەی بۆ کارو کۆشش کردن و گەیشتن بە دوا رۆژێکی خۆشتر و گەشتر ، هەروەك دەڵێ :

لازمە خول بخۆی وەکو بەرداش
هەموو قەرنێ دەگۆڕێ ئەمری مەعاش
تەمبەڵی کاری حیز و بێ خێرە . .
دەستی ماندوو لەسەر زگی تێرە . .

وە شێخ رەزای تاڵەبانیش (١٨٤٢ - ١٩١٠) (١٢) هەرچەندە رێبازی پەلاماردانی گرتووە لە شیعر دا بەڵام لە گەڵ ئەوەشدا هەندێ لە هەڵبەستەکانی باری ژیانی هەژارانی ئەو سەر دەمەمان بۆ دەر دەبڕێ و جیاوازی چینایەتی‌مان بۆ روون دەکاتەوە لە نێوان دەوڵەمەندێکی خاوەن پارە و فەقیرێکی بێ چارە دا و دەڵێ :

---

(١١) محەمەدی مەلا کەریم - حاجی قادری کۆیی - ل ٥٧
(١٢) زمان و ئەدەبی کوردی بۆ پۆلی دووەمی ناوەندی ل ٥٩

کەسی فەقیری بێ چارە (١٣)
گەر عەیبی هەبێ دیارە
دەوڵەمەندی صاحێب پارە
سەد عەیبی هەبێ مەستوورە
ئاگر ئەگەر لە ماڵی چێ
دەڵێن ئاگر نییە نوورە!!

دەتوانین ئەم چەند شیعرانەی شێخ رەزاش لە لاپەڕەی دووەمی شیعری کلاسیکی ماندا تۆمار بکەین .

جگە لەم چەند نموونانەی کە هێنامانەوە بۆ ئەم جۆرە شیعرانە ، بە دەیان بەیت و داستانی جەنگی و دڵداری وامان هەیە کە راستە و خۆ دەتوانین لەم لاپەڕەیەیان تۆمار بکەین وەك داستانەکانی (مەم و زین) و (قەڵای دمدم) و ( بەیتی ئاورەحمان پاشا ) و ( وەسمان پاشا ) و (عزیزو تەکش) و ( خەج و سیامەند ) . . . هتد ، ئەمانە هەموویان نموونەی شیعری ریالیستی کوردیمانن لە ناو هەیکەلی رێبازی ئەدەبی کلاسیکیماندا (١٤) . دەتوانین بڵێین باری ژیانی راستەقینەی میللەتی کوردمان لەو سەردەمە دا دەر دەبڕن .

کەواتە دەتوانین ئەدەبی رێبازی کلاسیکیمان بکەین بە دوو بەشەوە ، یاخود بە دوو رووپەڕ ؛ رووپەڕی یەکەمی ؛ شیعری دیوەخانان و ئەدەبی رابواردن بووە و بۆ سوودی دەستەی کار بەدەستانی ئەوسا بووە . وە رووپەڕی دووەمیشی : شیعری میللەت و تێکۆشان بووە لە پێناوی بەربەرەکانی دوژمنی داگیر کەر و لابردنی جیاوازی چینایەتی کۆمەڵدا و لە پێناوی گەیشتن بە دوا رۆژێکی خۆشتر بۆ زۆربەی میللەتی کورد ، وە ئەوەی شیاوی باسە کە لە کۆتایی لێکۆڵینەوە کەمدا بڕوانە داوێنی ل ٣٠

(١٣) دیوانی شێخ رەزای تاڵەبانی - چاپی بەغدا - ل ٤٣
(١٤) الواقعية فى الادب الكردى . . .

# جادووگەر

پیربال محمود

لادەن لە چاوی وا جادوو گەری　　کەس ڕانەوەستێ لە بەر بەیکەری
نەکەن باوەڕ کەن بە خەندەی دەمی　　یا بە گفتوگۆی قەند و شەکەری
ئەوەندە شۆخە گەر گوڵی باخان　　سەرنجی باتێ لە پێ تا سەری
لە هەژمەت چاوی ئەگەوزێ لە خۆڵ　　دێتە ئاوزینگدان پەڕ پەڕ ئەوەری
پەپوولەش چرای گۆنەی ببینێ　　خوڵ ئەداتەوە لە دەور و بەری
خۆی ئەباتە بەر نەخشی خەرمانەی　　تا بنەخشێنێ باڵ و شاپەڕی
وە گەر لە باخان شنەی بای بەهار　　لە پڕ ، لە ناکا و هات و تێپەڕی
بە سەر درەختی گوڵشەنی واڵای　　بە سەر بەهەشتی دار و سێبەری
بۆنداره چونکە بە بۆی ئەگریجەی　　ڕوواوە بە بۆی پرچی عەنبەری
گلێنەی دیدەی تیشکی گەوهەرە　　گیانم بە ساقەی بێشکی گەوهەری
لا ئەبا شەوی گیانی تاریکیم　　وەک چۆن لائەبەم شەوی کیشوەری !
هەروا برژانگی وەک خەنجەر وایە　　کێ بەرگە ئەگرێ لە پێش خەنجەری ؟
بێجگە لەوانەی کە هەستیارن　　پیشەیان بۆتە جوان پەروەری !
گەنجی و جوانی کڕنۆش بەرن بۆی　　شەڕیانە لە سەر گوڵ و شەستپەڕی
ئەمەیان ئەڵێ : من دام هێناوە　　یا ئەمیان ئەڵێ : منم دانەری

---

بیڵێم و بۆ خوێنەوارانی بەڕێزی ڕوون بکەمەوە ئەوەیە کە میللەتی کورد لە کۆنەوە ئەدەبی ریالیستی بە خۆیەوە دیوە بەڵام بە شێوەی رەگەز و وێنەی جیا جیا و سەربەخۆ نەک بە شێوەی قوتابخانەیێکی سنوور داری دیاری کراو ، هەروەک کە لە دوای جەنگی دووەمی جیهانی بە تەواوی مەیی و گەشەی کرد .

گەردانە مەست بوو بە بۆنی مەمەی — راکشا لە سەر سینەی مەڕ مەڕی
وەك خوداوەندی بادە گوساران — کاتێ مەست ئەبێ لەدەشت و دەری (٢)
قۆڵباخی لوولووی وەك ماری گێسووی — ئاڵاوەتە رووی بازووی ئەسمەری
لە نەخشی باڵای ئەدرەوشێتەوە — تریسکەی ناخی گیان و جگەری
هەر خۆم ئەزانم چ جادووی لایە — چ دڵبەرێکە وێنەی دڵبەری !
وەك پەری زادەی بەهەشت وەهایە — نەخێر شۆخترە لە شۆخە پەری
زۆر کەس بەخیلیم پێ ئەباو ئەڵێ : — کاکە لە حەزا زۆر بەختەوەری
بەڵام نازانی منی خێر نەدیـو — لە رێگای حەزا دیم چەرمەسەری
دوێنێ بوو ، دوێنێ دڵم نێژت لەخاك — دوێنێ بوو ، دوێنێ گوڵاڵەم وەری
گەر ( وەلی ) (٣) شابێ لەنێو دڵداران — من شای شایانم لێ بێ خەبەری

(١) کیشوەر : وولات
(٢) مەبەست ( باخوس ) ە ، خوداوەندی مەی نۆشان
(٣) مەبەست ( وەلی دێوانە ) ی شاعیرە !

* ئادەمیزاد کائینێکی زۆر بەرزە ، پێویستە هەردەم جێگای رێز گرتن بێت ، رێز گرتن نەك بەزەیی پیا هاتنەوە چونکە بەزەیی پیا هاتنەوە ئیهانەتە !

* هەر یە کێکیان وا ئەزانێ بۆ خۆی ئەژی بەڵام لە راستی دا بۆ ئەوە ئەژی تا ژیان خۆشتر بکات و پێشتری بخات .

م. گۆرکی

# بڵیسەی خاڵ

مەغدید سۆران

شەمەندەفەر وەك نەهەنگی برسی بە لرفە لرف شاڵاوی بۆ ڕێگا برد . . .
ڕێگایەکی دوور . . . بۆشاییەکی پێویست بە پڕ کردنەوە . .

خانزاد خاتوون بەم جۆرە دەستی بە گێڕانەوەی چیرۆکی پڕ ئازاری خۆی کرد : ئەو شەوە دیسان وەك زۆر لەشەوانی تر هیچمان نەبوو بخۆین ، بە دڵێکی خەفەتبار لە ناو دەریای خەیاڵاتی دەردناك و پڕ لەژاندا ئەژیام ، هەرچی هەمانبوو فرۆشتبووم خاوەن کۆگای سەر گۆلانیش لێمان بێزار ببوو ! شیری بۆ ( پەروین ) ە چکۆلـە کچە شیر خۆرە کەم بە قەرزیش نە ئەدامێ . . مەمکیشم لەو ڕۆژەوە کە لە بیست و چار کەژمێردا جەمێکیشم بە تێری نەئەخوارد هیچی تیا نەمابوو . ئەو شەوە لە برسان . . لە سەر لێ شێواوییان . . لە شێتییان . . هەرچی ناوی لێ ئەنێیت ناوی لێ بنێ !! بە دەستی خۆم کۆرپە دڵبەندە خۆشەویستەکەی خۆم خستە دەریایێك نە سەری دیار بوو نە بن ، پەروینم لە دالانی کۆشکی دەوڵەمەندێك کە نەشم دەناسی ، پاش ئەوەی خاڵە ڕەشەکەی سەر گۆنەی چەپیم ماچ کرد ، بەجێ هێشت ! بەتوندی و پەشۆکاوی خۆم لە پێچا پێچی کۆلانا بزر کرد . . وەك گوناهبارێك هەست و هۆشم لە دەست دابوو . دەستە پاچە دەست و پای خۆم بزر کرد بوو . ئایا ڕاستی ! ڕاستی ! من گوناهبار بووم ؟

* *

پیرێژن فرمێسکی لە چاوا قەتیس مابوو ، ڕەنگی هەڵبزڕکابوو ، لە پاش کەمێ تەماشا کردنی ئەم لاو ئەولا دایە پاڵی : ( شێردڵ )ی مێردی شۆڕشگێڕم لە بەندیخانە لە ڕۆژگاری تەفرو توونی گۆڕِ کراوا ، گیانی پاکی کە هەمیشە لە خەباتی خوێناوی ڕزگاری خوازی گەلی کوردا لە سەر دەستی دانابوو ، بۆ بارەگای داد چوو تـا لەوێ داوای بافتان و مافی زۆر لێ کراوانی گەلەکەی بکا . . چیتان لێ بشارمەوە دژخیمانی خاوەن دەسەڵاتی ئەو سەردەمە بە نامەردی لە بەندیخانە مێردەکەیان کوشتم . . لێرەیا خانزاد خاتوون دەنگی نووساو قوڕگی پڕِ گریان بوو . . . کەمێ داماو بە بەرو گیرفانییەوە خۆی خەریك کرد . . . لە پاشا دایە پـاڵی : ( بێزار ) ی شووبـرام خاوەن ماڵ و سامانێکی گەلێ زۆر بوو بـەڵام لە بـەر ئـەوەی لە گەڵ

جوانە مەرگ میانەیان خۆش نەبوو . . هەریەك بەجۆرێك لـە ژیان و كارو باری كۆمەڵایەتی ئەگەیشت . . بەدوژمنی منداڵەكانی خـۆم و هـەموو كەسێكی كوردم دەزانیو هەر گیز دەستم لەبەر پان نە كردەوە . . ئەویش لەوانە نەبوو لەدوای چاكە بـگەڕێ !

لەپاش ماوەیێك هەرچی هەمان بوو كۆتایی پێ هات . . ناچار دەستم بەئیش كردن كرد . . لەماڵان كەلو پەلم ئەشوشت . . نانم ئە كرد . . چێشتم لێ ئەنا . . منـداڵی دەوڵەمەندەكانم ئەلاواندەوەو بەخێو دە كردو منداڵی خۆشم . . دیسان سۆزو خۆشەـ ویستی دایكی یەتی هێرشی هێنایە سـەر دڵو دەروونی خـاتوون . . بـە كزی یە كەوە سەرێكم بۆ لەقاندو هەموو لەشم كرد بە گوێ . . سەرم ببوە عەمباری پرسیار . . هەموو ووشەكانیم لەهەوا دەقۆستەوە ، بەڵكو ببی بەوەڵامی پرسیارێك .

لەپاش ماوەیێك پیرێژن دایە پاڵی ؛ بەڵام هەروەكو لەپاش هەر نشێوێ بڵندێكیش هەیەو هەرواش كارەساتی دەردناكی هەژاریمان كۆتایی هات . . چیتر نیازمەند بـە چوونە ماڵان نەمام . . نەتەنها لەبرسیەتی رزگار بووین ، بەڵكو بەرۆژو شـەوێ بووین بەخاوەن ماڵو سامان . ( بێزار )ی شووبرام ، بێجگە لەدوو گەز خام چیتری لە گەڵ خۆیا نەبرد !! چونكە ووچاغ كوێر بوو ماڵو سامانی بـۆ سمكۆی كوڕم بەجێ هێشت . . وەلێ ئەفسووس « پەروین » لەچنگ چوو بوو ، مـاڵە دەوڵـەـ مەندە كە ببوە پارووی بەنانی ! نەئەدۆزرایەوە . .

دەرەنگ دەرگای ژیانمان لێ كرایەوە كەبێ « پەروین » چەندان تامی نەبوو . . هەرچۆنێ بوو هێواش هێواش سمكۆ گەورە ئەبوو ، بەچالاكیو زیرەكی لەپلەكانی ژیاندا سەرئەكەوت . دروست پاشی حەڤدە ساڵ كەتازە قوتابخانەی دووەمینی تەواو ئەكردو خۆی بۆ چوونە زانستگا ئامادە ئە كرد ، رۆژێكی هەینی سەر لەبەیانی بـە پێكەنینەوە بەرووخۆشی لێم هاتەوە پێشەوەو گوتی ؛ دایە گیان لام وایە بەم زووانە ئارەزووەكانت دێتە دی ، دەز گیرانێكی بەردڵم بۆ خـۆم هەڵبژاردووە كەئەویش ئەیەوێ لە گەڵ منا بۆ خوێندن بێتە بەغدا ، تكایە بچۆ ببینە بـزانم تۆش پـەسندی دە كەی ؛ سمكۆ راستی دە كرد من تەنها دوو ئارەزووم هەبوو ، یە كیان ئەوە بوو ، ( پەروین )ی نازەنینم بدۆزمەوە ، دووەمیشیان پێش مردنم سمكۆ ژنی هێنابایە . .

هەر ئەو ڕۆژە نیشانی ماڵی کچەم لەسمکۆ وەر گرتو کەوتمە ڕێ . . بــەم دەم ڕێگاوە پاش‌و پێش ئارەزووە کانم کەوتەوە یاد . . داخم بۆوە ئەخوازو کەئارەزووی یەکەم ئاکام‌و دوایی ناپەیدایە . دیسان خاڵە پشکۆیەکی سەر گۆنەی چەنی « پەروین » لەدڵا گڕی گرت . . زامی کۆنی کولاندمەوە . . بڵێسەی ئازار دووبارە لەدەروونما بەرز بۆوە . . لێرەیا خاتوون کەلەئێستگای ڕێی ئاسنی کەر کو کەوە لەشەمەندەفەر لەتەك منەوە دانیشتبوو چیرۆ کی خۆی بۆ دە گێرامەوە ، لەپەنجەرەوە تەماشایە کی دوو نومای شاری بەغدای کردو گوتی : وا دیارە چیرۆ کە کەمان لە گەڵ گەیشتنمان بە بەغدا تەواو ئەبێ . . . لەپاش چەند چر کە خۆی وەر گێڕایەوەو بەهێمنی و لەسەر خۆ وە کوو لە گەڵ خۆیەوە بدوێ دایە پاڵی : سەرت نەئێشینم لە جیاتی دەز گیران بینم لەماڵی دەوڵەمەندە کە چاوم بەدیداری ( پەروین )ی خۆشەویستم ڕوناك بۆوە ، خاڵە ڕەشە کەی کەماوەیە کی زۆر ئا گری ئەشکەنجەی لەدڵی فوو ئەدا بوو بــەهۆی ناسینەوەو خۆشبەختی‌و بەدی هێنانی ئارەزووی یە کەم ، هــەر ئەو ڕۆژە سمکۆو پەروین بەدیداری یە کتر شاد بوون بەڵام بەناوی خوشك‌و برایەتی ڕاستەقینە . . . بەوێنەی کۆتر ە باریکەی تێنوو تێر یێکتریان ماچ کردو لەباوشی گرت .

ئیتر گەیشتبووینە دەر گای شێخی بەغدا ، شەمەندەفەر هــەتا دەهات لرمە لرمی کەم دەبۆوە ، لە کاتێکا خانزاد خاتوون لەپەنجەرەوە دیسان سەری خوار کردبۆوە لەسەرخۆ ووتی : ئێستا هەردوو لەبەغدا دەخوێنن . . لەنا کاو بەدەنگێکی بڵند هاواری کرد ، سمکۆ ، سمکۆ . . کچم پەروین . . لەم گێرو دارە منیش سەرم خواردەوە . منداڵە کانیم دی کەوەك جۆتە فریشتەی خۆش بەخت . . وەك باڵندەی سووك بــاڵ نزیکە بفڕن لەخۆشی‌یان ، باڵی خۆشەویستی و ئارەزوویان بــۆ بــاوەشی دایکیان کردۆتەوە . . .

---

هەیە وەك مــن بەسەر دڕکا ئــەنێ هەنگاوی ئــاوارە
هەیە هی وایش کەفەرشی ژێری پێی ئاوریشمی گوڵزارە

« گۆران »

# سوودانی سوور

سامیـە مەشخەڵ

لـە نێو لوولی گەردەلوولی
چرِو پووشاوی شارەکەم
خۆم بدیبا !!
لە چەشنی گیانداری خشۆك
بە ئەسپایی ، بە ئەسپایی
بخزیبا !!
بەرەو ئاسۆی تەماوی (١) سوور
لە وولاتی کوردی جەسوور
بەسەر دەشت و دۆلی وولات
دیجلەو فورات
بە سەر دوور گەو دەریای جیهان
تا پێم ئەچەسپا لەسوودان

☆ ☆ ☆

بەرەو بارەگای شای ستەم
نیرِۆنەکەی سەدەی بیستەم
ئەم خستە کار بەهرەی دەروون
بە دووبارەی چەرخی گەردوون
بە بەراورد لە زۆرداری
فیرعەون ـ هێتلەر ـ مۆسۆلینی
هیرۆشیماو ناگازاکی
کۆریا ـ ڤێتنام ـ لە چالاکی

ئەندێشەم ئەبرد بۆ ( بەرلین )
( واشنطن ) یا یا ( کرملین )

☆ ☆ ☆

ئەوسا ئەمگر لەشکری خەم
گەردەلوولە فەرموو بۆ چەم (٢)
چەند ئەتوانی خۆڵ بدێری
پڕ کەی دوو چاوی ( نەیڕی )
تا لەئاستی مێژووی جیهان
لەجەوری ناپاکی گەلان
خۆی گێل نەکا !
لەهەنگاوا ... بەراورد کا
بەراورد کا ! !

---

(١) ئاسۆی تەماوی هەمیشە سپی ئەبێ بەهۆی شێو تەڕ بوونی بەڵام ئاسۆی ئێرە بەهۆی خوێنەوە سوورەو تەمی لەگەڵ بەکار هاتووە ، واتە خوێنی شلەیەو تەمەکەش سوورە .

(٢) واتە وادێت بەخەیاڵا کەلەبیستنی جەورو زۆرداریو ستەم فرمێسک لە چاو نیرۆنی سەدەی بیستەم دێتە خوارو لە کردەوە کانی پەشێمان ئەبێتەوە ، هەر چەندە پەشێمانی سوودی نابێ . .

---

لەپەندەکانی پیرەمێرد :

کیسەڵ دوو پشکی ئەپەڕاندەوە
چزووی لە پشتی هەڵچەقاندەوە

پرسی : چی دەکەی هەی بەد کردەوە
وتی : « چزووی خۆم تاقی کردەوە »

# گۆشەی زمانەوانی

## زمان و کۆمەڵ

**نووسینی : ئەحمەد نەقشبەندی**

زمان چالاکی مرۆڤەو دەسکەوتی ژیانی کۆمەڵایەتی یە ، مێژوو دەربارەی یەکێ لەپادشایەکانی فامیلەی میسری دووەم بەم جۆرە بۆمان دەگێڕێتەوە : کەمنداڵێکی ساوایان هێناوە لەخەڵکی جیایان کردۆتەوە تاکوو بزانن تا چ ڕادەیەك توانای فێر بوونی قسە کردن پەیدا دەکات لەکاتی هەراش بوونیا بەبێ ئەوەی زمانی کۆمەڵە-کەی وەرگرتبێت . هەمیسان لەچیرۆکێکی تری مێژوویی کە لەئەشکەوتەکان دا هەندێ ئادەمیزادیان بەرچاو کەوتووە کەلەگەڵ ( گورگ و هەرس و دڕندەی تر . . . هتد ) ژیانیان بردۆتەسەر ، کەگوایە ئەمانە هەر لەمنداڵی یەوە لەگەڵ بەچکەی گورگ و هەرسا خراونەتە ئەو ئەشکەوتانەوە جا ئەمانە لەئەنجامی هەوڵ و تەقەللا-یەکی زۆر فێری قسە کردن کران دوای ماوەیەك توانیان لەیەك بگەن و فێری یەك زمان ببن . ئەوەی شیاوی باسە زمان لەگەڵ مرۆڤەوە لەدایك دەبیت و لەناو جەرگەی کۆمەڵەوە سەرهەڵ ئەداو وەردەگیرێت .

کۆمەڵ لەلایەن زمانزانان بریتی یە لەکۆمەڵە کەسێك کەبەیەك زمان دەدوێن و ناویان ناوە ( کۆمەڵەی زمان ) . زۆر جار کۆمەڵەی زمان لەپارچە زەوی یەکی یەکگرتوودا دەژیت هەروەکوو کۆمەڵەی زمانی کوردی کەلەخاکێکی سنوور فراواندا - لەژووری ڕۆژهەڵاتدا لەلووتکەی ئاراراتەوە دەست پێ دەکات بەرەو خوارووی زاگرۆس و پشتکۆوە ، لەوێوە هێڵێکی ڕاست بۆ ڕۆژاوای شاری (موصل) لەپاشا هێڵێکی تر بەرەو ڕۆژاوا لە ( موصل )ەوە بۆ ناوچەی توز کیا بەرەو شاری ( ئەسکەندەرونە ) لەوێوە دووبارە بەرەو ژووری ڕۆژهەڵات دەبێتەوە تاکو دەگاتە شاری ئەرزەڕۆم لەئەنجامدا خۆی لەگەڵ لووتکەی ئارارات لێك ئەداتەوە ، دەژیت .

جاری واش هەیە نیشتمانی ( کۆمەڵەی زمان ) نابەسترێت بەیەکەوە ، هەروەکو نیشتمانی ( کۆمەڵەی زمان ) کەبەئینگلیزی دەدوێن لەجیهاندا بریتی یە لەجێگەی پەرت و بڵاوی سەر ڕووی زەوی دا کەلە ( ئینگلترەو ئیرلەندە تاکەنەدەو وولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکی و ئوستڕالی و نیوزیلاندەو هەندێ دوورگەی دەریا لوشی هادی ) بەرچاو دەکەوێت .

ئینجا لێرە دا هەر یەکێ بەزمانی ( کۆمەڵی زمانی) دیاری کراو بدوێ ئەوا بەئەندامی ئەو کۆمەڵە دەژمێردرێت ، گەر هات و هەر لە منداڵی یەوە لە باوك و دایکی فێری زمانە کە بوو. بەڵام ئەو بێگانانەی کە لە نیشتمانی زماندا دەژین و زمانی نەژادی خۆشیان پاراستووە لە نێو خزم و کەس و کار و هاو وولاتیان لە گەڵ ئەوەشدا بۆ گفتو گوو قسە کردن لە ئاڵو وێری ژیانیاندا زمانی باوبوی نیشتمان بە کار دێنن.
وێنەی ئەمەش دانیشتووانی سەر خاکی کوردستانی گەورەیە.

زمان لە سەر بنەرەتێکی کۆمەڵایەتی یەوە دە کرێ بە چوار بەشەوە :

١- شێوە کانی کاتی
٢- شێوە کانی هەرێمایەتی
٣- شێوە کانی چینایەتی
٤- شێوە کانی هاوبەش

١- شێوە کانی کاتی : زمانی ( کۆمەڵەی زمان) لە چەرخێك تا چەرخێکی تر جیاوازی هەیە بە پێی پەیدابوونی بیری تازە لەژیانی ئەو کۆمەڵە. بۆ وێنە نووسەری کورد لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی یەوە شێوازی نووسینی بریتی بوو لە لاسایی کردنەوەی نووسەرە بێگانە کان. یاخود بڵێین دەبوا بەخۆی بێگانە تام و چێژ بداتە بەرهەمە کەی چ کەم چ زۆر. بەڵام لەدوای شەڕی دووەمی گیتی شێوازی نووسین گۆڕا بەپێی پەیدا بوونی کەرەستەی تازە لە شارستانیەتی تازە دا.

٢- شێوە کانی هەرێمایەتی : زمان بەواتای گشتی دە کرێ بەزمانی ناوچەیی یاشێوە کانی هەرێمایەتی جا هەرچەندە زمانی کوردی هەموو دانیشتووانی کوردستانی مەزن دە گرێتەوە لەباری ئاخافتن و لەیەك گەیشتن دا بەڵام ئەوەی ئاشکرایە بۆ وێنە خراوەتە روو : لەیەك گەیشتنی دانیشتوانی ( هەولێر ـ کەر کووك ـ دهۆك ) گەلێ ئاسانترە لە لێك گەیشتنی هاو وولاتیانی کوردستانی عێراق لە گەڵ کوردستانی رۆژ هەڵاتدا . . . هتد) بەم جۆرە نیشتمانی زمان لە کوردستانی گەورە بووە بە چەند بەشێکی بچووك کە هەر یە کەیان نیشتمانی شێوەیەکی هەرێمایەتی لەشێوە کانی زمانی کوردی پێکدێنن کەبریتی یە لەوێنەیەکي بچووکی شێوەی(هەولێر - کەر کوك - دهۆك) لە گەڵ ئەوەشدا دەبینین چەند شێوەیەکي جیاواز لەیەك هەرێمدا هەیەوە کولەشێوە کانی ( هەولێر ـ خانەقین ـ دهۆك ) لە کوردستانی عێراق دا کە هەر شێوەیەك لەم شێوانە

جۆرە جیاییەکی هەیە کە لە یەکتریان جیادەکاتەوە بەڵام ناگاتە رادەی لە یەك نەگەیشتنیان ، چونکە هۆی ئەو هەموو دابەشکردنە جێگەیی‌یانە لەسەر (اعتبارات) ی کۆمەڵایەتی هەروەکو جیاجیایی‌یان لەرێباز گەکانی ئایینی ، یا زەحمەتی گەیشتنە یەکتری نێوان خەڵك یاجیایی لە نەژادی دابەزینیان بۆ خاکی کوردستان . گەر هۆی کۆمەڵایەتی هەبێت بۆ جیا کردنەوەی شێوەکانی زمان لە یەکتری بێ گومان ئەو هۆیانەش هەن کە لە رێگایانەوە شێوەکانی زمان لە یەك نزیك بینەوە وەکو :
( ئێستکە - تەلەفۆن - رۆژنامەگەری . . . . هتد ) .

٣- شێوەکانی چینایەتی : کۆمەڵ لە کۆنەوە دابەشکراوە بەسەر خێلەکی ، وە هەر خێلەك یەکیەتی و سەربەخۆیی‌یەکی تەواوی بووە ، بەڵام لە کۆمەڵی نوێدا خێلەکی پەیتا پەیتا بەرەو کزبوون و نەمان دەروات جا رێگە بۆ دابەشکردنێکی تر دەدات کە پێی دەڵێن دابەشکردنی ( چینایەتی ) هەروەکو چۆن لەزمانی خێلەکی (ممیزات)ی زمانیان هەبووە ، بەم پێیە چینەکانی تازەش ئەم جۆرە ( ممیزات ) ەی زمانیان هەیە و ئاشکرایە . بۆ راستی مەبەستمان ئەم وێنەیە دەخەینە بەرچاو :
گەر بێت سەرنج بدەینە زمانی تاقمی رۆشنبیران کەجیایی هەرێمایەتی لەنێوانیان بەدی ناکرێ ، بەڵام گەر بێت و زمانی ئەو تاقمە بەراورد بکەین لە گەڵ زمانی کرێکاران یا رەنجبەران یا پیاوانی ئایینی یا تیرەی تری کۆمەڵایەتی دەبینین جیاوازی لە واژە و تاکەکانی زماندا هەیە . هەندێ جاریش لەشێوەی دارشتنی قسەکانیانا کە ئەمەش بەڵگەیە کە بۆقسەکەمان لەباری دابەشکردنی زمانی گشتی بەسەر «شێوە چینایەتیەکان»

٤- زمانی هاوبەش : لێرەدا هەرچی جۆرە تەگەرەیەکیش هەبێت بۆ لە یەك گەیشتنی جێ‌نشینانی نیشتمانی زمان بەپێی ئەودابەشکردنانەی زمان کەلەسەرەوە لێی‌دواین کە ( کات - هەرێم - چینایەتی ) یە . بەڵام چاکترین رێگا بۆ لە یەك گەیشتن لە نێوان هاووڵاتیاندا ئەوەیە « زمانی هاوبەش » بێتە دی کە ئەوەش ئاوات و ئامانجی هەرە پیرۆزی ئێمەو نەوەی داهاتووی کوردە ، چونکە ئەمەیان هیچ جۆرە گیر و گرفت و تەگەرەیەك لەپێناو لەیەك گەیشتن‌و یەکیەتی نووسین لەنێوان خاکی نیشتماندا ناهێڵی

> سەرەتای ئیش هەموو یەك‌بوونە ئەویش نابێ هەتا
> هەر برینێ کە لە دڵدا هەیە سارێژی نەکەی
> « شوکری فەزلی »

# پشکۆیەك لە ئاسۆی غەمدا

فرید زامدار

خۆشەویستم : ئەم چەند دێرە لە ناخی دەروونی ئاگراویم ... لە دڵی پڕ لە تاسە و سۆزاویم .. هەڵقوڵاون ، پیتە کانی وەك پشکۆی ئاگر دڵی بێ بەزەییت ئەتاوێننەوە! ووشە کانی شەپۆلێکن لە دەریای رووتا مەلە ئەکەن ! .

بەڵام .. بەڵام .. ئەوەی نووسیومە تۆ نایزانی .. چونکە دووری .. چونکە بێ ئاگای لە ژیانی لاوێ ... کرنۆش بۆ جوانیت ئەبات .. چونکە بێ ئاگای لە دڵێ .. هەمیشە و هەمیشە .. هەتا .. هەتا .. ئەتپەرستێ ! .

خۆشەویستم : هەر چەند خۆشەویستیت هێلانەی شادیم .. بڕوخێنێ .. دڵی ساوام بداتە بەر تیغی رۆژ گار .. تەمەنی تازە پشکووتووم .. وەك گوڵ هەڵ وەرێنێ ... تووشی کۆسپ و هەڵدێرم کا .. هەر چیم بەسەر بێنێ ! .. بە بێ ترسم ..

ئەڕۆم .. ئەڕۆم .. لەتاریکی و لە رۆنا کی .. هەزار رێگای سامناك ئەبڕم .. تا ئەتگەمێ .. تا پەیامی راستە قینەی خۆشەویستیم بە گوێی دڵتا رائەگەینم ...

خۆشەویستم :

ئەگەر رۆژێ لەرۆژان ئەم چەند دێرەت خوێندەوە ، دڵگیر مەبە چونکە رازی دڵدارێکە نوقمی دەریای ئەندێشە و غەم بووە .. هی لاوێکە کە لە پێناوتا قوربانی بە هەموو شتێ دا .. دەر گای بەهەشتی ئارامی لە سەر رووی خۆی داخست .. وێڵ بوو ... بە دوای خۆشەویستی و جوانیتا ... سووتا بە ئاگری حەز .

بڕوانە ل ٢٣

---

چریکەی بولبولی سەرچڵ چ دێنێ
ئەگەر دڵ دەردی بێ نانی هەڵێنێ

« دڵزار »

# چەند پاشماوەیێك

# لە ئایینی زەردەشتی یەوە

نووسینی : عبدالخالق سەرسام

لەم باسەدا مەبەست بەدیار خستنی مێژووی گەشەو پەرە پێدانی بیرو زانیاری باپیرانەوە تاچ رادەیەك لەچەرخەکانی پێشوو دەوریان هەبووە لەنێو میللەتانی جیهانا وە تا چ رادەیەك کاریان کردۆتە سەر نەوەی پاش خۆیان . یۆنانی یە کان تا ئێستا شانازی بە ئەفسانەکانی باپیرانیان ئەکەن وە ناوبانگیان بەو پاشماوانـەوە لە جیهانا دەنگی داوەتەوە ، بەڵام ئێمە بەداخەوە نەك هەر باپیرانمان لە یاد کردووە بەڵکو دانیشیان پیا نانێین نەك هەر هەندەش دۆڵی ئەسحابان شاهیدە کە چۆن قەبرەکانیان رەجم ئەکرێن چونکە کافرن بەرگریان لە داگیر کەر کردووە ، ئەو داگیر کەرەی هەر کێ بێت ، ئەمەیە پاداشتی نیشتمان پەروەری و دڵسۆزییان ؟ دیاری دا کەچۆن بێگانە بەهەوای خەیاڵی ئەم چەند چەرخە کوێرو کەڕی کردووین ، گەر هوشیاری لاوەکان نەبووایە ئێستا قەبری (مەلای خەتێ) پیرۆزترین قەبر ئەبوو چونکە دڵسۆزترین کەس بوو بۆ خیلافەتی ئیستعماری عوسمانی .

پێش ئەوەی ئایینی ئیسلامەتی بگاتە کوردستان کوردەکان خواناس بوون هەر لە بەر ئەوەش زوو باوەڕیان بەئایینی ئیسلامەتی هێناوە چونکە زەردەشت یەکەم کەسێ بوو کە بیری خوای ناوچەیی و میللی ( Henotheism ) گۆڕیوە بە خوای تاك و تەنیا بۆ هەموو جیهان ( Nonotheism ) واتا بڕوا هێنان بەبوونی خوایێکی تاكو تەنیا بۆ هەموو هۆزو هەموو جیهان بەتێکڕایی جا تا ئێستاش شوێنەواری زەردەشتی لەناو ئێمە ماوەتەوە هەندێکی بەشێوەیێکی دیارو ئاشکرا وە هەندێکی دەستکاری تیا کراوە یاخود تێکەڵ بەهەندێ پەیڕەوی ئایینی ئیسلامی بووە وەك لێك جیانە کرێنەوە ئەمەش پێوبستی بەلێ کۆڵینەوەیەکی قووڵ هەیە . ئەمەش هەندێ لەم پاشماوانە :-

* ووشەی (یەزدان) کە ناوێکە لەناوە کانی خوای گەورە ، ئەم ووشەیە ئەگەرێتەوە بۆ زەردەشتی یەکان کە تا گەیشتۆتە ئەم چەرخە تۆزێ شێوەی گۆڕاوە جا گەر لێکی بدەینەوە ئەبینین لەووشەی یەزدا . . مزدا . . ئاهورامزدا . . وە هاتووە کە زەردەشتی یەکان بە خوای تاك و تەنیایان ئەوت .

* ووشەی ( دێو ) و تاریکی و ڕۆناکی : ئێمە ئەزانین کە زەردەشت بڕوای بەهێزی ڕۆناکی و تاریکی هەبووە واتا چاکەو خراپەیە جا گەر سەیری فۆلکلۆری کوردی بکەین بەتایبەتی ئەفسانەکان بەئاشکرا شەڕی نێوان تاریکی و ڕۆناکیمان بـۆ دەر ئەخات وەك دێوی رەش کە هێزی تاریکی و خراپەیە ، وە دێوی سپی بۆ ڕۆناکی و چاکەیە تاکو ووشەی دێو - ( دئیڤا ) ووشەیێکی زەردەشتی یە زۆر لەلاپەڕەکانی ( ئاڤێستا ) دووبارە ئەکرێتەوە کە ناوی درنەدەکانی خراپـەکاری ئـەهریمەنـە کە جێگاشیان تاریکی یە وەك ئێمە بڕوامان وایە تاریکی پڕی ئەجندەو شەوەیە .

* پیرۆزی (ئاگر) : زەردەشتی یەکان کە باپیرانی کۆنی ئێمەن ئاگریان بەنوورێکی یەزدانی دائەنا وە زۆر پیرۆزو بەرێز بوو لە لایان ، تا ئێستاش لەناو ئێمەدا ئاگر ئەم پیرۆزی یەی هەرماوە ، ئەبینین میز بەئاگردا کردن کفری یە ، یاسوێند بەئاگرخواردن زۆر باوە ، یاخود بێ ناوی خـوا هێنان ئاگر کوژاندنەوە پەسند نی یە ، چـونکە فریشتەکانی ڕۆناکی زویر ئەبن یا ئەجندەکانی تاریکی هێرش دێنن و دەست ئەوەشێنن.

* ئێشك گرتن لەسەر منالی تازە بوو : کەزەردەشتی یان منالیان ئەبوو سێ شـەو ئێشکیان ئەگرت و ئاگریان ئەکردەوە لەدیاری نەوەك دێوو درنج دەستی لێ بـوە- شێنێ و ئازاری بدا ئەو ڕەوشتە لەناو کوردەواری دا هەرماوە، ئێشك ئەگرن و فانوس نا کوژێننەوە هەتا هەفتەیێ تێ ئەپەڕێ نەوەك ( شەوە ) بیبات ، کەدیاریشە ( شەوە ) ووتەیێکە لە ( شەوو تاریکی )یەوە هـاتووە کەدەستکردی ئـەهریمەنە وەهەرووەهـا (درنج) بەبڕوای من لە(دروج)ەوە هاتووە کەئەویش ناوی خراپەکارانی ئەهریمەنە

* پیرۆزی گەنم و دانەوێڵە : لە کوردەواری گەنم پیرۆز و یا کە زۆر سوێند بەنان ئەخورێ وە یا کە لەبن دەست و پێیان ئەکەوێت هەڵی ئەگرنەوە ، یـا ئارد بخەیتە سەر پیسایی کفریە . جا لەم چەند دێرەی ( ئاڤێستا ) پیرۆزی گەنم لە لای زەردە-شتی یەکان بە دیار ئەکەوێ : -

« ئەوەی گەنم ئەچێنێ ، چا کە ئەچێنێ بەوە ئایینی مەزدا پەرە ئەسێنێ . کاتێ گەنم دروست بوو دێوە کان شلەژان کاتێ گەورە بوو رووا دێوە کان کەوتنە دڵەخورپێ وە کاتێ کەوتە پیك دێوە کان گریان ، وە کاتێ گوڵی کرد دێوە کان بەزین ، ئەو ماڵەی گەنمی تێدا نەبێ دێو لێی جێ نشینە . . » (١)

* پیرۆزی هەندێ جانەوەر و نەفرەت لێ کردنی هەندێك : زەردەشتی یە کان بە چاوێکی خراپ سەیری هەندێ جانەوەرو درِندەیان ئە کرد کە لایان وابوو لە سوپاو دەسکردی ئەهریمەنن وەك مار و دووپشك ، بۆق ، کیسەڵ ، قرِژاڵ ، خەمە گورِوو جورجە کۆرە هەروەها مێشوولەو کلۆو مازمیلۆك . . هتد. وەك ئێستاش لە کوردەواری دا هەست بەم جۆرە سەرنجە ئە کرێت . وە لە لایە کی تر سەرنجی پیرۆزیان ئەدایە ئەو ئاژەل و جانەوەرانەی کەسوودیان بۆ مرۆڤ هەبوو وە کو چێڵ و گا و مەرِو ماڵات و تەیرو تواڵ وە زۆر جانەوەریش لە وانە ژوژك کە ناوی لە ئاڤێستا هاتووە ( دوژا کا ) کە لایان دەعبایە کی پیرۆز بوو کوشتنی قەدەغە بوو چونکە مار و مێرولەی ئەخوارد بەمێرولەشیان ئەوت : ( دانەوێڵەدز ) وەك ئێستاش دەشتە کیە کان ئەزانن پیرۆزی ژوژك هەرماوەو کوشتنیشی گوناهە . . ئەفسانەیـە کی تر کە ئێستا ماوە لەناو ئێمەدا ئەویش بوونی دێوە کان و دەجاڵ لە کێوی قافێ ئەمە لە ئاڤێستا دا هەیە کە ئەڵێ لە کێوی مازەندەران ئەمانە بەند کراون و لەوێ دا ئەژین .

ئەمە بوو هەندێك لەم پاشماوانە کە زۆر بـەیان ئەفسانەن بەلاّم بۆ بە دیار خستنی شوێنەواری زەردەشتی لە کوردەواری دا باسمان کردن .

---

(١) ( ڤاندیدات ) بەشی پێنجەم لە ( ئاڤێستا ) ل ٤٦

---

سەرچاوە کان :


١- ئاڤێستا ـ ڤاندیدات ـ ٢- چەند ئەفسانەیێکی فۆلکلۆری ٣- زەردەشت : شاکر فتاح ٤- امارة بهدینان : انور المائی ٥- مێژووی گەلی کورد لە کۆنەوە تا ئەمرۆ : صالح قەفتان ٦- تأریخ الکرد و کوردستان : امین زکی بەگ .

# بڕیارێك لەگەرووی ئاگرا

جەمیل رەنجبەر

خۆشەویستم
سەیر نی یە ئەگەر بیستم
ئاسمان بە ناو عەر دا تەپی
تیزابی خوێنی لێ پەقڕی
چونکە ئاسمانی چاوی تۆ
لێوی دیناری هەڵڕی

☆ ☆ ☆

خۆشەویستم
سەیر نی یە ئەگەر بیستم
لە جیاتی کەو گا دەخوێنێ
لە سەر لووتکەی گیانی منا خۆی دەنوێنێ
چونکە گیانە ئەم کردەوە
گیرفانێکە پوولی تیایە
گیان کڕین و ماچ و قژی لوولی تیایە

☆ ☆ ☆

خۆشەویستم
سەیر نی یە ئەگەر بیستم
شەقلاوە جێی ( هێلی گەرمی ئیستیوایە )
دارستانی تەڕ و فێنك ووشك بووە
گەرووی جۆگەی خۆشەویستی بێ نەوایە
چونکە تەرمی بەستەڵەکی دوو باڵی شەو
ئاڵاوەتە پێنی لەشی خۆشەویستم

بەزەبری زۆر . . .
کەوتۆتە خەو

☆ ☆ ☆

خۆشەویستم
سەیر نی یە ئەگەر بیستم
تیژو بڕی . . .
لە ئامانجی خۆت دەخوڕی
چونکە گیانە
گیرفان لاڵە . . گیرفان لاڵە
قسەم تاڵە . . قسەم تاڵە

☆ ☆ ☆

خۆشەویستم
سەیر نی یە ئەگەر بیستم
ئەو چیا بەرزەی سەفین چاڵە
سەیر نی یە ئەگەر بیستم
دەمی مردوو لە ووتنی راستی تاڵە
چونکە گیانە
ئەی یاری رابووردووی دوێنێ
ئیتر دڵی خۆشەویستیت بێ خریەیە
مەلی بەرزایی ئاوات
بێ ئاوازو بێ چریەیە

---

سەرفرۆ ناکەم بە عالەم چونکە عالی هیممەتم
ناچوێنم بۆ هەموو دنیا لە دەستم رەغبەتم
«کانی»

# چیرۆکی ژمارە

## زارا

مجید ئاسنگەر

هاوینی ساڵی ١٩٦٢ ، دوا بەدوای تاقی کردنەوەو داخرانی قوتابخانەکان ، لەبەر هۆیەك - بەتایبەتی لەیاسا لادانو رەشبگیریو ستەمی رەژێمی رەشی خۆ پەرستی و یەکدەستیو هێز - پەنا - باریی بێ ریو شوێنی کەریما ، کەوەك گورگی هار بەگژ نەتەوە قارەمانە راپەریوەکەمانا چووبوو ، وەك زۆر سەدان کەسانی تر ، بۆم نەشیا رووەو نیشتمانی رەنگینی پێ شێل کراوا بچمەوەو لەپەنای فێنکاتی سێبەرو نسزاری کێوە بەرزەکانا لەسەروەی شەماڵی گولاویدا هەناسەی خەم رەوێنی دڵ دابێن کەو هەڵێنمو لەبۆی عەترو گوڵاڵە سوورەی دەشتی سەوزو کنار جۆو روبارە زیوینەکانا پڕ بەسی راوی ژین هەڵمژمو لەسەر قالیچەی رەنگاو رەنگی خاکی پیرۆزو لە ژێر باڵی بەسۆزی ئاسمانی شینی بێ گەردی خۆمانیا گڕو کڵپەو داخیدەروونی پڕ بر- ینو بەئازار نەختێ دابمرکێنمەوەو پشوویەکی حەسانەوەی دەربەدەری لێ بدەم . بە ناچاری لە ( بەغدا )دا مامەوەو ماوەیەکی زۆرم تیا بردە سەر ! هەموو رۆژێك سەر لە بەیانی لەو هاوینە ئێجگار گەرمەدا ، لە(سەلاحەدین) ئەچوومە دەرەوەو خۆم ئەکوتا یەکێ لەو چایخانە بچکۆلانەی لەو دیو مێوانخانە کەمانا کەلەبێکارو هەژارو کار- گەرانی کارخانەکەی جگەرەوە مۆنجەیان ئەهات . تا نیوەرۆ تیشکی خۆر ئەم نیمچە دەربەندەیەی نەئەدۆزیەوە، فێنکاتییەکی تایبەتی خۆی بەوێدا کێشابوو ، ئەوەی سەر- نجی کێشا بووم جگە لەو هەموو خەڵکە هەمە جۆرەی لەوێدا هەر دەستەیە بەشتێك خەریك بوون وەیا بەوێدا گورج رائەبوردن دیمەنی هەمیشەیی ئەو مرۆڤو نیوەیە بوو کەوەك داوەری سەپان لەهەمان شوێنا بێ رۆژبوار هەڵ ئەکونجان . جارێکیش نەگونجا بەشێوەیەکی جیاواز ببینرێن وەیا ساتێکیان بڵێت رەنگو رووو جلو بەر- گیان بگۆرێت . نەخێر ، بگرە هەر رۆژێك ئەمەندە بەوی بەرای ئەچوون ئەتوت یاسای گۆڕان لێیان زویرە وەیا هیچ دەسەلاتێکی بەسەر ئەوانا نەداوە ! !

مام قوربانی لەدانیشتنا وا دیار بوو هەرگیز سڕ نەئەبوو ، چونکە بەدرێژایی کات لەو شوێنەیا، کە پاڵی بەدیوارە کەیا ئەداو سەبەتە رەش پۆشراوەکەی لەبەر دەمیا

دائەنا بیرای بیرِ نەئەجوولاّیەوەو جیّ گۆرِ کەی نەئەکرد، تەنیا مەگەر هەرتاوە نـا تاویّ لەئەنجامی فسکەیەکی زاراوە دەستە چورچە دەماراوی‌یە لەرزۆکەکانی بخستا- یەتە ژێر پەرۆ کە رەشە کەوەو بەگوێرەی راوێژی زاراوە چەند سەمووونێکی سپیو خاوێنی دەربهێنایەو بەژمارە لەدەستە ناسکۆلە بچکۆلەکانی بهاوێشتایە! یا کەسە بەتە هیچی تیا نەئەما لەسەر سەری خۆی دابنایەو دەستێکی بیّ هێزی بکەیاندایە زەوی‌و دوای چەند تەکانێك هەڵسابایە سەرپێ، دەستی بخستایەتە سەر شانی نزمی زاراوەو بەنیمچە کووری‌یە کەوە بەهێواشی برۆیشتایە! پاش ماوەیەك بەهەمان شێوە سەبەتەی پرِ کراوەیان بۆ هەمان شوێنا ئەهێنایەوەو کرداری پێشوویان دووپات ئەکردەوە.

لەشێوەو بیّ کەسی‌و ئاخافتنیانا زانیم کە کوردی لیّ قەوماون! چەند کەرِەتیّ بە بیانووی سەمووون کرِینەوە خۆمم تیّ هەڵسوی‌و هەوڵمدا سەر گوزەشتەی خۆیانم بۆ بگێرِنەوە کەچی مام قوربانی بەجۆریّ کەوولەی رازو نهێنی داخستبوو وەك مـن بەئاواتیەوە بووم ئاوا بەسانایی بۆمی نەکردەوە. ماوەیەکی کەم نەبوو ئەوەی بەسەر هەولّو تەقەللاما رابورد پێش ئەوەی بتوانم بوخچەی گرێدراوی دڵی بۆخۆم بەکالاّ بکەم. رۆژێکیان بانگم کردە لای خۆم‌و چایەکم بۆ کرِی، جگەرەیەکم بۆداگیر- ساندو بەرێکایێکی زانایانە گریّی زمانیم لیّ ترازاندو کووپەڵەی پرِ لەپەنهانیم پـیّ هەڵرشت. ئێستیّ جگەرە کەی فرِیّ ئەدابوو دیم رەنگ‌و رووی تەختیّ هەڵبزرِکا، هەناسەیێکی ساردی دوورو درێژی هەڵکێشا. هەندیّ شان‌و شەپیلکی چـەماوەی قیتەوە کرد، دوو چاوە پێکدا قۆپاوە کانی زەق کردەوەو نوقاندنیەوە.. ئینجا وەك لەیادی کارەساتێکی ترسناکا سام گرتبێتی، چرچ‌و لۆچەکانی دەم‌و چـاوی گرژەوە بوون، زەردی‌یەك بەرِوویا تیّ پەرِی، ئاخێکی ساردی هەڵێناو لـە پرِێکا گوتی:

«ئەریّ برا خاس چیت بۆ بگێرِمەوەو باسی چیت بۆ بکەم ئەوەی بەسەر ئێمە هاتوە خوایە بەسەر کەسا نەیەت ناتوانم زنجیری داستانی دوورودرێژی ژینی رابردوومانت تێکرِا قەف بەقەف بۆ لێك بدەمەوە. ئەوەی شایانی باس بیّ کەوا بۆم دەردە کەویّ تۆیش بەدوای ئەما وێڵی - دوا پلەی ئەم کارەساتەیە کەسەرەنجامی ئێمەی بەئێرە دا گەیاندو لەم بارەیەی‌دا هاوێشتین کەتیایا ئەمانبینیت!» لـەدوای هەناسەییّ کەوتەوە سەر باسە کەی: «خۆر تازە کەوتبوو، دونیا هێشتا گەرم دانەهاتبوو، لـەژێر لێفەی لەرزو تاوە ئارامم لیّ هەڵگیرابوو، کورِەکانم کەهەردوو کیان پێشمەرگە بوون،

بەووچان هاتبوونەوە عەولای کوڕە گەورەمو فاتەی خێزانیو زارای تاقانەیان لە گەڵ ئۆمەری کوڕە بچکۆڵەم کەتازە حەبەی مام ئاودەلمان لێمارە کردبوو مرومۆی گوا-ستنەوەی ئەکرد لەبەیانییەوە چووبوونە پەرێزێ بۆ دروێنەی ئەو قەدە جۆیەی لە دونیادا لەو بەولاوە چیترمان گومان نەئەبرد، زارایان ناردبۆوە ئاوایی بزانێ نەوەکا من شتێکم پێویست بێ. زارا نزیك ئاوایی ئەبێ کەلەویرەی فڕۆکەوە رائەچلەکێو لەژێر درەختێکا خۆی بەزەی دائەداو لە گرمە گرمو تەقو تۆقا هەترەشی ئەچێ. بەڵام لەترسانا سەر دەرناهێنێ تا گەردوون کشو مات ئەبێتەوە ئەمجا بەخۆیا ئەنوو-سێو تا ئەگاتە ماڵەوە ئاوڕ لەهیچ ناداتەوە، منداڵی بەسەزمان سەیر ئەکا خانوو ڕووخاوەو باپیرەی تاداری لەژێر گل کۆدا تەنیا قاچەکانی دیارەو لەقە ژەنەیەتی! دەست ئەکاتە هاتو هاوارو زریکە لێدان پاشماوەیەك ئەوانەی بەدە گمەن رزگار ببوون لەخەڵکی دێ کەمانا بەدەنگ هاواریەوە دێنو منی لەئاوزنگدان لەژێر بارە خۆڵا رائەکێشنە دەرەوە. من سەلامەت ئەبم بەڵام چۆن سەلامەتییەك! هەر ئەوەتا نووزەم لێوەوە هاتووە ئەگەرچی رۆشنایی چاوەکانم نرخی ئەو تۆزە هەناسەیە بووە کەتیاما مابووە! خۆ گەر بڵێیت تەنیا خانوویێك بەپێوە مابووبێت ... خوا نەکا! یاخود لەو هەموو هەرزەکارو پیرو منداڵانەی لەپەرێزانا خەریکی نان پەیدا کردن بوون نیوەیان بەشەلو شەکەتیو برینداری لێ رزگار بووبێ ئەوا زۆر زۆرە! خۆ منداڵەکانی ئێمە هەر لەشوێنی خۆیانا تێکڕایان لەناو چووبوونو هاواریان بەهیچ لایەکا نەگەیشتبوو.. ئاخ.. ئاخ.. کوڕم، تۆ بۆ برینت کولاندمەوە، خوا هەڵنا-گرێ!..» لە گەڵ هەنسکی گریانا مام قوربانی پشوویەکی باشی داو کڕ بوو، لە دوای دڵدانەوەو بەشداری کردنی خەمباریەوە نەختێ هاتەوە سەرەخۆو لەسەر داستانەکەیا رۆیشتو گوتی!: «بەرخم تۆخۆت بیری لێ بکەرەوە کەئێمە چیمان بەسەر هاتووەو چ نەگبەتییەکی ماڵ وێرانیو لەناو چوونیمان چێشتوە، بەچ هەناسە ساردیو جەرگ بڕیاوی‌و خانەوێرانییە کەوە کۆچمان کردووەو ئەو جوانە مەرگە نازدارانەمان لە گڵدا ناشتوەو شوێنەواری سەدان ساڵەیەی باوباپیرانمان جێ هێشتو-وەو بەدەربەدەریو لێقەوماوی ئاوارەی شاران کراوین! ئەویش نەك تەنیا هەر بەشی ئێمە بووبێ.. بگرە چارەنووسی زۆربەی زۆری شارو دێهاتە خاپوور کراوە کانی وولاتە داگیر کراوەکەمان بووە.. ئاخ.. رۆڵەکەم.. بۆ ئەو لاوە شۆخ و شەنگانەی بێ تاوان ئاواتی پاکیان ئاوا کتو پڕ بردە ژێر خاکەوە! ئەو کونجە بچکۆڵەیەی بەم دەستانەم دروست کردبوو، هەرگیزاو هەرگیز شێوەیان

له چاوما وون نابێ ، لێم مه گره ، ره‌نگبێ بلێیت ئه‌م پیره چاو کوێره چۆن شت ئه‌بینێ ؟ به‌ڵام وا نی‌یه . هه‌رچه‌ند رۆشنایی له چاوما نه‌ماوه . دیمه‌ن و نیگاری ئه‌و هه‌مووشته خنجیلانه‌یه‌ی له ده‌سمانا چوون هه‌میشه وه‌ك رۆژ له‌یادما ئه‌تروسکێنه‌وه ! ئۆف خوای گه‌وره ، بۆ چی سه‌گمه‌حه‌ساریه‌ك منت هێشته‌وه‌! بۆنه‌تکردم به‌قوربانی ئه‌و گه‌نج و هه‌رزه کاره جوانه مه‌رگانه‌وه . . خوایه ئه‌م زۆرداریه هه‌ڵنه گریت !!»

له‌راست ئه‌م دیمه‌نه‌دا ، رووبه‌رووی پیرێکی کوێری بێ پشتیوانی هه‌ژاری لێقه‌وماوی دڵ به‌داخی قورِ گك به‌هه‌ئنسکا . مرۆڤێکی ئاوا شپرزه‌و بێچاره ، که له‌رۆژێکی ئاوا ره‌شا له‌شوێنێکی چه‌ندین قۆناغ دوور له نیشتمانی به بۆمبا بوردومان کراو به چاوی بیره‌وه‌ری یه‌وه یادی رۆژانی گه‌شی رابوردوی ناو هه‌رد و کێوه سه‌ر که‌شه به‌رزه کان ئه کاته‌وه ، سام دایگرتم و ته‌زووی راچڵه کین به سه‌راپای له‌شما هـات ، وه‌ك به‌ردی ین گۆم به‌جۆرێ کرِو بێ ده‌نگ بووم که مام قوربانی هه‌ستی پێ کرد و به راوێژێکی پرِ سۆزه‌وه له‌و گریانه بێ هه‌ستیه‌ما هوشیاری کردمه‌وه . ووتی : « کورِم ، بمبووره ئه گه‌ر په‌ست و دڵته‌نگم کردبیت ، ئا ئه‌مه که‌مێکه له‌و داستانه‌ی به‌شوێنیا ئه گه‌ڕایت ، به‌رخم چی بکه‌ین (ئه‌مه ژیانه ! ) ئه گه‌رچی هه‌ر گیز له‌خه‌ویشا به خه‌یاڵما نه‌ئه‌هات ژین ئه‌م جۆره رووداو و کاره‌ساتانـه‌ی تیـا بێت ! » پاش ئـه‌وه‌ی جۆ گه‌له‌یێ فرمێسکی نه‌بینراوم له‌ده‌روونمدا رشت‌و برِێك هێور بوومه‌وه لێم پرسی:

چۆن هاتوونه‌ته به‌غداو چۆن گوزه‌ران ئه که‌ن ؟ له وه‌ڵامدا مام قوربانی ووتی :

« کورِم ! دوای کاره‌ساته که هه‌موومان په‌رِا گه‌نده‌و ده‌ربه‌ده‌ر بووین ، هه‌رده‌سته‌یه‌ی بۆ لایێك له‌و دێ بۆ ئه‌م دێ ، ئه‌و شارو ئه‌م شار ، تا چاره‌نووس ئێمه‌ی هێنایه ئێره‌وه له‌م گه‌شته‌ی قورِبه‌سه‌ریمانا له‌هه‌ر شوێنێکا راته‌بوردین که‌سی تیا مابوو بێ له‌یارمه‌تی و ده‌سته‌به‌ری دا درێغی‌یان نه کردووه و خوا ئه‌م میلله‌ته‌مان پارێزراو کات . . . لـه گونگه‌ری شپرزه‌یی‌و ته‌نگ‌و چه‌ڵه‌مه‌دا وازیان له‌مرۆڤایه‌تی و هاو کاری‌و ره‌وشتی جوان مه‌ردی هه‌ر نه‌هێناوه ، ئیتر وا لێره‌دا ، له ته‌ك زاوای هه‌تیوی کورِه‌زاما ، که له‌م دونیایه‌دا له‌و زیاتر که‌سێکم نه‌ماوه ، له‌ماڵی کوردێکی نانه‌وای خاوه‌ن پیاوه‌تی دا کونه ژوورێکمان وه‌ر گرتووه‌و تیایا خۆمان له‌جه‌ور و سته‌می رۆژ گارا په‌نهان داوه ، خوا پاداشی چاکه‌یان بداته‌وه واسه‌موونیان بۆ ئه‌فرۆشین به‌وهۆیه‌ نه‌مرونه‌ژین

وا جارەکی خۆمان راگرتووە ، چاوەڕوانی دەروازەیەکین کە خوا لێمانی بکاتەوە .. کاکەم ، من هیچ هیوایەکم لە ژینا نەماوە جگە لەسەر کەوتنی نەتەوەکەمان تەنیا بەرۆشی زارای بەسەزمانی نەگبەت گرتووم کە هەم داردەستمەو هەم تاکە ترووسکەییێکە لەم دونیا دوونە دا بەدی بکەم ! . . »

لەو کاتەدا زارا هاتەوە کیژۆڵەییێکی دەساڵانەی خنجیلانەو گەنم رەنگ : کراسێکی رەشی چڵکنی لەبەرابوو ، شێوەیەکی دڵگرو شیرینی پێوەبوو ، هەر لەدوورەوە کە چاوی کەوت بە مام قوربانی لای من دانیشتووە نازانم لە شەرمان یـا لە ترسانا بـوو رووی سوورهەڵگەڕا هەڵوێستێکی کرد ئەمجا بەدەنگێکی نەرمی بەسۆزوشپرزەوە ووتی : « باوە ، هەستە بابڕۆین ، رۆژ درەنگە !. » . مام قوربانی وەك جاران دەستی خستەوە سەرشانی زاراو داخوازیەکی گەرمی لێم کردو ووردە ووردە رۆیشتن ، تا لەوسەر کووچەکە دا خوڵیان دایەوەو لە چاوما وون بوون ، بەحەپەساویەوە چاوم تێ بڕیبوون و لە ناخی دڵما ئەم ووت : « خوایە بەزەییت بەمانەوەو هەزارەهای وەك ئەمانەوە بێتەوە ! . . »

بە هۆی فەرمانێکی .... بۆ کارێکی تایبەتی ماوەی چەند هەفتەیێك لە بەغدا دوور کەوتمەوە ، لە گەڕانەوەما رۆژی دوایی بە ئارەزوویێکی گەرمەوە بۆ دیدەنی مام قوربانی و زاراوە چوومەوە چایخانەی گۆڕین . . بـەو ئاواتـەوە کە موژدەیەکی خۆشیان لە بارەی سەر کەوتنی گەلە کەمان پێ رابگەیەنم بەڵام ـ بـۆ واقی وڕم ـ شوێنەکەی هەمیشەیی قوربانی لاتەختێکی لێ دانرابوو . تاوێکی باش چاوەڕوانیم کرد ـ کەچی نەقوربانی پەیدا بوو . . نە زارا . دوو سێ رۆژ بەم جۆرە رابووردتا وام لێهات خۆم بۆ نە گیراو لە کابرای چایچیم پرسی : خاوەنی چایخانەکە بەووردی چاوێکی تێ بڕیم و ساتێ حەپەسا ، ئەنجا ووتی : « بۆ ؟ تـۆ نازانی قوربانی و زارا چییان لێ هاتووە ؟» خورپەم لە دڵیەوە هات ، ماوەیەك تێپەڕ بوو بەر لەوەی بتوانم لێوەکانم لێك بترازێنم و بڵێم : « نەء . ساتوبێ خوا چییان لێ بەسەر هاتووە ؟ » بە هەناسەییێکی سارد و بێ باکا ووتی : « برا . . . دەمێکە ، تۆ خۆش ، مردوون . . »

« مردوون ؟ ! ! زاراو قوربانی مردوون ؟ ! ئای کڵۆڵی ! کوڕە چۆن ؟ هەمووی مانگێك نابێ لێرە بە ساغ و سەلامەتی بە جێم هێشتن ! » کابرای چایەچی ووتی :

« برا ، نەگبەتی ئەمە ناپرسێ . » ووتم : « ئاخر چۆن ، خۆ نەخۆشی نەبوون ؟ » ووتی : « نەخۆشی ! نەبەسەری خۆم ، ئەو رۆژەی پێیا چوون لە هەموو کاتێک لەش ساغ و هیوادارتر بوون . . ئای دەستی شکاوم بۆ مام قوربانی نەگبەت . . بۆ زارای نەو خونچەی بەهاری نەپشکووتوو ! » ئەمەندە شپرزە و پەشۆکا بووم ئارام لە ووزەما نەما ، بە دەنگێکی بەرز و ئالۆزەوە هاوارم کرد : « کورە جەرگت برِیم ، توخوا زوو کە پێم بڵێ چۆن مردن ؟ . . چۆن ؟ . . » ووتی : « برادەر ، لەو رۆژەوە تۆ دوا جار لێرە بوویت ، تا چوار پێنج رۆژ وەك جاران قوربانی و زارا سەمونی خۆیانیان ئەهێنا و لە هەمان شوێنا هەڵ ئەکوتجان و ئەیانفرۆشت ، تا رۆژێکیان لە دوای رۆیشتنیانا بە ماوەیەکی کەم دەنگەدەنگ و پەشێوی یەك لە شەقامەکەی ئەو دیوا پەیدا بوو . هەر خەڵکە بوو رای کرد و منیش بە شوێنیانا چووم ، بەلاّم چیم بینی ! ئۆف خوایە ! سەیرم کرد وا لاشەی پلیشاوەی زارای ناسکۆڵە و قوربانی رەق هەڵ گەرِاو ئەخەنە ئۆتۆمۆبیلی نەخۆشخانەوە ! لەوانەی چاویان لە کارەساتە کە بوو بیستم کە لەو کاتەی لە شەقامە کە ئەپەرِنەوە ، ماشینێك زۆر بە تیژی بەسەریانا رائەگات و لە پێشەوە زارا ئەپلیشێنێتەوە کەچی کوێری هەناسە سارد کە لەچریکەی سەرەمەرگی زاراوە راچڵەکیوەو نەیزانیوە چ بووە و چی بکات پەلی کوتایە گوایە زارا بدۆزێتەوە ـ قەمارەیەکی تر لەو لاوە لە پرِ هاتووەو ئەمیشی کردووە بە ژێر چەرخیەوە . ئا بەوجۆرەیە قوربانی و زارای لەش ساغ سەریان نایەوە . تێگەیشتیت ؟ »

ئەمجارە ئەشکی چاوم چەشنی باران بە گورِ هاتە خوار و لە بەر قوڵپی گریان هیچم پێ نەووترا لە دڵی هەتەرە کراوما ئەمووت ، « کەواتە زارا و قوربانی ئاوا کۆچیان کرد و ئاواش بە ئاوارەیی ئاوارەی گڵ کران و ئەو ئاواتە گەشە دارەی بۆ زارا لە گیانی مام قوربانی دا ئەدرەوشایەوە بۆ دوا جار کوژایەوە و قوربانی کەچ بەخت بە خاکی نیشتمانەکەی شاد نەبۆوە و چەشنی هەزارانی تر بوو بە قوربانی تاوانی گڵاوی ناکەس و زۆردار . . . . ! »

صوێرە ـ ١٩٦٤

# با.. نیازێك بپشکوێ..! (١)

جلال مدحت خۆشناو

(١)

نیازت وابێ ..
نەرگس نەرِنی لە بەهارێ
لە گوڵشەنی ئامێزت بێ ،
هێلانـەی شیفێ بۆ یارێ !

(٢)

نیازت وابێ ...
ئەو سینگەی سەرینی نازە
رۆژ لە سەریا بهۆنیەوە
کەزی زەردی شیعری تازە

(٣)

نیازت وابێ ...
پـەرچەمی یار لە گوڵێ چاکەی
گەردن بکەیتە هێلانـە
رومەتت تیا بدات نووچێ
تا رۆژی هەڵبەستی چاوی
بۆت روناك کاتەوە سووچێ !
بـەرەو کامەرانی راکەی . !

(٤)

نیازت وابێ ...
تا ئەو رۆژەی ،
دلت تیای ئەمینێ خورپەی
شادی بکەیتە ئەلقەیێ ،
بخەیتە پەنجەکەی ئۆخەی !

(٥)

نیازت وابێ ...
ئەستێرەی ئاسمان دەستگیر کەی
پـەلکە زێرِینەی بۆ بگری !
بیکەیتە ئالأی پێویستت
نازی چاوانی دڵگیر کەی

(٦)

نیازت وابێ ...
گەر بەهارت ئەمجارە بێت
پەساپۆرتی دەرباز بوونی بکەیتە هەڵبەست
نەهێلی دەرچێ لە ژێر دەست !

(٧)

نیازت وابێ ...
بی بە گۆمێ ، گوڵێکی مەنگ
بدرەوشێ لە سەریا سەد رەنگ
خونچەی پشکووتووی خۆشەویست
بکەیتە هەڵوێست ...
بیکەیتە سەر گۆپکەی مەمە
لە تیری بڕی ئەو جەمە
بۆ لابردنی ئەو غەمە !!

(٨)

هەرچی جوانە هەمووت بوێ
بۆ خۆشەویست، یاری نوێ
وا مەزانە ژەنگ ناگرێ
ووشەت لەفەرهەنگی دڵا قەت نامرێ
چونکە دڵ ئاوێنەی دڵە
تەنیا لەسەر لقی بەهار سوورە گوڵە
ڕۆژێ بە خەیاڵت نەیێ
کەوا حەز بڵقی سەر ئاو بێ
هەر بۆ ناو بێ
چونکە حەز وەکو چاڵێکە
دونیایێکە
لەسەر پەڵکی ڕوومەتی یار
تەنیا سێبەری خاڵێکە
کە پێکەنی
زیاد ئەکا، چەند لێی هەڵکەنی !
چاو برسیە، لەشیش برسی
دونیای جوان پەرستیت بۆچی
بـە دەستی خۆت
ئەبەی بەرەو سەد مەترسی

(٩)

تۆ دەربەست نی
من دەربەست نیم
ڕێگام چۆڵە !
ڕێت ئاوەدان !

فەرموو ئاگر بەردە لە هەناوان
بیخەرە زەلکاوی تاوان
با زولفی ڕەشی یار بادرێ !
بەڵام ئەمڕۆ !
ڕاستی شەق ئەدا لە درۆ !
چەپلە بە دەستێ لێ نادرێ !

(١٠)

من دەربەستم تۆ دەربەست نی
شیعر، ئاسمان، ئەستێرە، مانگ
هەموو جوانن بۆیان ئەژی
بەڵام جوانی بەبێ جوان
بەرگێکی ڕەشە لە ژیان !

(١١)

تۆ دەربەست بـە
کە (پەشێو)ی پەشێو مەبە
گەڕیدەی دەشت و کێو مەبە
ئەمڕۆ سبەی لە شیعرێکی خەم ڕەوێنا
لە هەزاران شا دەمار و مێشك و خوێنا
لە دەفتەري
بچکۆڵەي ژیانی سەختت
لە ناو پێشکەی حەز و بەختت
تۆمار بکە
کە بەهـار دێ
بـۆنی یار دێ
خەنده و تزە بە هەزار دێ . . . . . . . «——————

# هەواڵی ئەدەبی

* لە ئێوارەی رۆژی ١٥ / ٨ / ١٩٧١ دەستەی بەڕێوەبەری دووەمی یەکێتی نووسەرانی کورد ـ لقی هەولێر ـ لە ژێر چاوەدێری حاکم ( یعقوب یعقوبی ) هەڵبژێردرا و ئەم مامۆستایانە بە دەستەی بەڕێوەبەری نوێ دەرچوون :

١ـ عزالدین فیضی ( سەرۆك ) ٢ـ حەمە کەریم هەورامی ( جێ گری سەرۆك )
٣ـ کریم شارەزا ( سکرتێری بەڕێوەبردن ) ٤ـ محەمد حسن مەنگوڕی ( سکرتێری رۆشنبیری ) ٥ـ عزیز گەردی ( ژمێریار ) ٦ـ جلال مدحت خۆشناو ( ئەندام )
٧ـ جمیل رەنجبەر ( ئەندام ) . کاك ( عبدالله پەشێو ) و ( مدحت بێخەو ) یش بوون بەئەندامی ( احتیاط ) ، وە پاش گواستنەوەی ( جلال مدحت خۆشناو ) ـ ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەر ـ بۆ پارێزگای کەر کوك دەستەی بەڕێوەبەر لە کۆبونەوەی ژمارە ( ١٣ ) ی رێکەوتی ٢٣ / ١١ / ٩٧١ بڕیاری دا کە ( مدحت بێ خەو ) جێگەی ئەو بگرێتەوە لە دەستەی بەڕێوەبەر دا .

* ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبەری تازە سەردانێکی پارێزگاری هەولێر مامۆستا ( عبدالوهاب ئەتروشی ) یان کرد . بەڕێزی ئامادە یی خۆی دەربڕی بۆ یارمەتی

---

——» لە گەڵ پرشنگی رۆژێکا . . . رۆژی نوێ
لە باخچەی دڵ
کە چەشنی گوڵ
شیعرێك ئەڕوێ
حەزێك ئەڕوێ
لێرە . . . لەوێ
نیازێك هەر ئەبێ بپشکوێ

---

(١) ئەم هەڵبەستە وەڵامێکە بۆ شیعرە کەی کاك ( عبدالله پەشێو ) کە لە گۆڤاری نووسەری کورد ژمارە سێ بڵاو کراوەتەوە .

دان و پشت گرتنی یەکێتی‌مان لە هەموو بارێکەوە. (٥٠) دیناریشی بە لقی یەکێتیمان بەخشی!

* یەکێتی نووسەرانی کورد - لقی هەولێر - تا ئێستا ئەم کۆڕە ئەدەبی یانەی خوارەوەی لە هەولێر گێڕاوە:

١- (کۆن و نوێ لە شیعری کوردی دا) لە ئێوارەی ٣٠ / ٩٧١/٩ لە لایەن (عزیز گەردی)یەوە پێشکەش کرا بەهاوبەشی کردنی (عزالدین فیضی و کریم شارەزا)

٢- (شیعری مەلحەمی لە ئەدەبی کوردی دا) لە ئێوارەی ١٦ / ١٠ / ٩٧١ لە لایەن (کریم شارەزا) وە پێش کەش کرا.

٣- «شانۆ گەری و بزووتنەوەی شانۆ گەری لە کوردستاندا» لە ئێوارەی ٣١ - ١٠ - ٩٧١ مامۆستا (حمە کریم هەورامی) پێش کەشی کرد.

٤- (بیرەوەری صافی) لە ئێوارەی ٩٧٢/١/٣١ لە کتێبخانەی گشتی هەولێر پێشکەش کرا لەلایەن: مدحت بێخەو، حمە کریم هەورامی، کریم شارەزا، محمد مەنگوڕی

٥- (ئەسیری شاعیری قۆناغی دوای حاجی قادر) لەئێوارەی ٩٧٢/٤/٢٤ دا پێش کەش کرا لەلایەن کریم شارەزا، ممتاز حیدری، مدحت بێ خەو.

٦- (دڵدار - شاعیری شۆڕشگێڕ) لە ئێوارەی ٩٧٢/٥/٢٩ پێش کەش کرا لە لایەن ممتاز حەیدەری، کریم شارەزا، عزیز گەردی، عبدالخالق علاءالدین

* کۆڕە ئەدەبیەکاني یەکێتي نووسەراني کورد - لقي هەولێر - لە تەلفزیۆني موسڵدا

١- (شیعری مەلحەمی لە ئەدەبی کوردی دا) پێش کەش کردنی: کریم شارەزا، عزالدین فیضی، عزیز گەردي.

٢- (کۆن و نوێ لە هۆنراوەی کوردی دا) پێش کەش کردنی: عزیز گەردی، محمد حسن مەنگوڕی، مدحت بێ خەو

٣- (لێ کۆڵینەوەیەك لە بەشی فۆلکلۆری گۆرانی کوردی) پێش کەش کردنی: مدحت بێ خەو، کریم شارەزا، مغدید سۆران

٤- ( هونەر چی‌یە ) پێش کەش کردنی : مغدید سۆران ، محمد حسن مەنگوری
٥- (ئافرەت و جوانی ئافرەت لە شیعری کوردی دا) پێش کەش کردنی : پیربال محمود سعدالله پەرۆش ، عەزیز گەردی .
٦- ( حاجی قادری کۆیی شاعیری نەتەوایەتی کورد ) پێش کەش کردنی : کریم شارەزا ، کمال غەمبار ، عبدالخالق علاءالدین .
٧- (شاعیری نەمری کورد خانی) پێشکەش کردنی محمد مەنگوری ، جمیل رەنجبەر
٨- (بیرەوەری صافی) پێشکەش کردنی : مدحت بێخەو ، مغدید سۆران ، مجید هێرش
٩- (جولانەوەی شیعر لەهەولێر) پێشکەش کردنی : جمیل رەنجبەر ، محمد منگوری
١٠- ( یادی نـەورۆز ) پێش کەش کردنی : حەمە کریم هەورامی ، محمد حسن مەنگوری ، ممتاز حەیدەری ، عبدالله پەشێو .
١١- ( ئـەدەبی ئـەمرۆمان ئـەبێ چۆن بێت ) پێش کەش کردنی : فریـد زامـدار ، عبدالخالق سەرسام ، مدحت بێ خەو .
١٢- ( گفتو گۆیەکی ئەدەبی لە گەڵ عبدالله پەشێوی شاعیر دا ) پێشکەش کردنی : عەزیز گەردی
١٣- ( ئەسیری شاعیری قۆناغی دوای حاجی قادری کۆیی ) پێشکەش کردنی : کریم شارەزا ، ممتاز حەیدەری ، مدحت بێ خەو
١٤- ( زمانەوانی ـ فیلولوجیا ) پێش کەش کردنی : احمد نەقشبەندی ، عثمان حسن دزەیی ، فیصل مصطفی ، محمد حسن مەنگوری
١٥- ( رۆشنبیری کوردی ) ـ احمد شریف ، محمد حسن مەنگوری ، عزیز گەردی
١٦- ( بیرەوەری کانی ) پێشکەش کردنی : مدحت بێ خەو ، کەریم شارەزا

---


أربيل

" في ظلال بيان آذار التأريخي "

پارێزگای هەولێر کتابێکی بەم ناونیشانەی سەرەوە لە بەرگێکی نایاب و لە (٢١٦) لاپەڕەدا بلاو کردۆتەوە ، پڕە لەووتار و لێکۆڵینەوەی وفرد دەربارەی پارێزگای هەولێر لە بەیانە مێژووییە کەی ئاداری پیرۆزەوە تاکو ئەمڕۆ .

# NÛSERÎ NUWÊ

Komeĺe berhemêḵî edebîye
Yeḵêtî Nûseranî Kurd - Liqî Hewlêr
derî dekat

1972 سنة الكتاب الدولية

[illegible]

رقم الايداع فى المكتبة الوطنية ببغداد ٣٤١ لسنة ١٩٧٢

چاپخانەی كوردستان ـ ١٠٠٠ / ١٢ / ٦ / ١٩٧٢ هەولێر